
سیمناری دەنگەکان بۆ چالاکوانی دژی هەژاری و بێخانوو لانەکان جان کلارک لە شاری تۆرۆنتۆ

تەنها مەوانەن بەرزی باڵەخانەکان و جوانەکانیان، سەرسام مەبن بە بازاڕە قەبەو ڕەنگاوڕەنگەکانی، هەموو هێشتان مەدەنێ ئەو میدیایانە کەکاری بنەڕەتییان بۆ لادابردنی من و تۆیە. وەرن لە نزیکەوە گوێ لە کۆسایەتی سۆشیالیست و چالاکوانی دژی هەژاری و بێخانوولانەکانی هەرێمی ئۆنتاریۆی کەنەدا بگرن، بزانین لە پێنای ئەو هەموو سەروەت و سامانەدا هەژاری لەکوێدایە.
جان کلارک ئەو ئینسانە جوانەی زیاتر لە دوو دەیەیە بەردەوام و بە ماندووبون خەبات دەکات دژی هەژاری . جان کلارک وتار بژێکی زۆر بەتواناو بەسەلیقەیە و کاریگەری جەدەهەت لەسەر گوێگرەکەی، هەربۆیە جارێکیان دادگا سزای بەسەرداسەپاند بەوەی کە بۆی نییە تا دووساڵ لەهیچ کۆمەڵێکدا وتار بدا.

وەرن لە نزیکەوە گوێ لەم خەباتگێڕە بگرین.

Jun 4,2017
1:00 PM to 4:30 PM
East York Civic Centre
850 Coxwell Ave, East York, ON M4C 5R1



تراژیدیای مەکسیم گۆرکی… “ئایکۆنی” پرۆلیتاریا … نووسینی: عبدوڵا حبه-مسکۆ …

وەرگێڕانی: نەجات عەزیز

زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی نەوەکانی ساڵانی چلەکان وپەنجاکانی سەدەی بیستەم لەژێر کاریگەری ئەدەبی گەورە نوسەری ڕوسی مەکسیم گۆرگیدابوون. کارەکانی وەرگێڕاندرانە سەر زمانی عەرەبی وزۆر کەسیش بە هەمای خەباتی چینی هەژار و"ئەو بونەوەرانەی کە بە مرۆڤ ئەژمێردران" دائەنا، هەزە چەپە عێراقیەکان ڕۆمانی "دایک"یان بە نموونەی بەرەنگاربونەوەی کرێکاران دانابوو بەرامبەر زوڵم ومافە زەوتکراوەکانیان. ئەم بۆچونەی ڕۆشنبیرانی چەپی عیراقی هەمان بۆچونی یەکێتی سۆڤێت بوو لەسەر گۆرکی. بەڵام ئەوەی دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت لە ساڵی ١٩٩١ڕویدا، لیبراڵە ڕوسەکان بەڵابەری کێنە کۆمەنیست بۆریس یلتسین کە لایەنگرانی ڕۆژئاوا بوون، هەموو تواناو چالاکێکانیان ڕووەو لەناوبردنی هەموو هێماکانی سۆڤێتی کۆن خستە گەڕ بۆ لەناوبردنی هەموو هێماکانی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤێتی کۆن. بۆ نموونە، شاری لینیگراند ناوی گۆڕا بۆ سانت- بترسبۆرگ، پەیکەری سەرکردە کۆمەنیستەکانی وەکو لینین ودیزرجنسکی وسەفردلۆڤ وزۆری تر لە سەرکردە بەلشەفێکان لابران لە هەموو شارەکانی ڕوسیا. ئەم هەڵمەتی لابردنە گەورە نوسەری ڕوسی مەکسیم گۆرکی (١٨٦٨ -١٩٣٦) شی گرتەوە؛ شاری گۆرکی ناوی گۆڕا بۆ نیجنی-نۆفگۆرود هەروەها ناوی وستەگەی میترۆکانی مۆسکۆ وسانتپیترسبۆرگ وقازان هەموو گۆڕان. ناوی جادەی گۆرکی سەرەکی لە مۆسکۆ گۆڕا بۆ تفیرسکایا پەیکەرەکەشی لە بەرامبەر وستگەی شەمەنەفەری بیلوروسکی لابرا (بە شێوەیەکی کاتی وەکو وترا). هەروەها ستۆدیۆی سینەمایی، شانۆ، پارک، جادە، پەیمانگای ئەدەب لە مۆسکۆ وگەلێ زانکۆ وکتێبخانە لە شارەکانی ڕوسیا کە بەناوی گۆرکیەوە ناونرا بوون ناوەکانیان گۆڕا بۆ ناوی تر، بەڵام ئەستەمە ناوی گۆرکی لە مۆژووی ڕۆشنبیری ڕوسی وجیهانی ڕۆشبکرێتەوە سەرەڕای هەموو هەوڵی لیبراڵەکان، چونکە گۆرکی (کۆکۆ) لە جیهانی ئەدەب. بۆیە دەزگای بڵاوکردنەوەکان بەردەوامن لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ولێکۆلینەوەکان لە بارەی ڕۆلی لە ئەدەبی ڕوسی. لەسەر شانۆی هەموو شارەکانی ڕوسیاش نمایشکردنی بەرهەمە شانۆییەکانی بەردەوامیان هەیە لەگەڵ بەرهەمەکانی پۆشکین وگۆگۆل وتۆلستۆی وچیخۆف.

لە ڕاستیدا بەلشەفێکان لە مەکسیم گۆرکی (ئەمە ناوێکی خوازراوە بەڕوسی مانای "تاڵ" دێت) "ئایکۆنێک" یان دروست کرد خەڵکی وەکو

نەزرگا سەردانیان لێ دەکرد وەکو لاشە مۆمیاکراوەکەی لینین لە گۆڕەپانی سوور. دوای ئەوەی (الحاد) یان وەکو ئایدیۆلۆجیای فەرمانی دەوڵەت ناساند. هەر ئەو هۆشەی شەرش بوو کە مژدەی هەڵکردنی گەردەلولی شۆشی دا، هەر ئەو نوسەرە پرۆلیتاریە مەزنە کە دامەزرێنەری "ریالیزمی سۆسیالیستی" ئەدەب وهونەری دەوڵەتی ڕوسیەیە. خەرمانەی مەزنییان بەدەوردا کۆشا لەبەر ئەوەی هاوڕێی ڤلادیمێر لینین وستالینە ونزیکە لە سەرکردەکنی تری حزب ودەوڵەت. لایەنگیری بڵشەفیکان بوو بەرلە شۆش وقەڵەمەکەی خستبوە خزمەت شۆش وپاپشتی هێزی سیاسیان. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی هەرش بکاتە سەر شانۆی هونەری مۆسکۆ، بەهۆی پشکەشکردنی ڕۆمانی "دەستڵوەشێنراوەکان"ی دیستۆفسکی کە سەرکۆنەی تیرۆری خەباتی سیاسی دەکات. ئەو ڕۆمانەی لینین بە (سخافات) ناوی برد و وتی کاتم نیە بیخوێنمەوە و "فڕێمداوە". ستالین بەهەموو شێوەیەک هەوڵی بەستنەوەی گۆرکی دا بە کۆسایەتی خۆیەوە بەمەبەستی بانگەشە. بۆیە هەوڵی گەڕاندنەوەی دا بۆ یەکێتی سۆڤێت دوای ئەوەی کە بەجێی هێشت بوو لەسەر سوێبونی لینین لە ساڵی۱۹۲۱. لینین زۆر سەغڵەت بوبو بۆ داواکارێکانی گۆرکی لە بەرگریکردنی لە ڕۆشنبیرە "بۆرژوازێکان" لەناویاندا شاعیری ئۆروستێکرات ئەڵکسەندەر بلۆک کە تووشی نەخۆشیەکی قورس بوو بو وە پێویستی بە چارەسەر هەبوولەدەرەوەی وڵات ، بەڵام دەسەڵات ڕۆگەی سەفەرکردنی پێ نەدا لە ترسی چالاکیەکانی دژی دەوڵەت سەرەڕای پاپشتیکردنی لە شۆشی ئۆکتۆبەر. سەرئەنجام مرد دوای، دەستی بە دەستی پێکردنێکی دورو درێژ لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە.

هەروەها گۆرکی داوای دەرکردنی بۆیاری لێبوردنی بۆ شاعیرنیکۆلای گۆمیلیۆف (هاوسەری ژنە شاعیر ئانا ئاخماتۆڤا) ی کرد، بەڵام دواتر لەسێدارە درا. گۆرکی ڕوسیای بەجێهێشت پاش ئەوەی لینین وتی:"تەندروستیت باش نیە ئەبێ سەفەر بکەیت بۆ چارەسەری پزیشکی... ئەگەر ڕازیش نەبی ئێمە دەتنێرین...". ئیتر سەفەری ئەمانیای کرد دوای ئەوەی نائومێد بوو لە ڕژێمی نوێی وڵات کە پاڵپشتی بوو لە "زوڵمی شۆشگێڕی" و "تیرۆری سوور" وزۆری تر لەو ڕوداوانەی کە لەساڵانی یەکەمی هەڵگیرسانی شۆش وشەی ناوخۆداڕوێان دا. قوربانیەکانی چەندەها کەسایەتی ڕۆشنبیر وئەدیب وهونەرمەندی ڕوسیشی تێدا بوو. بۆیە گۆرکی دودڵ بو لە پاراوی ڕۆباڤزی شۆرشی سۆسیالیستی ئەوکاتە، سەرەڕای لایەنگیری کردنیشی لە بزوتنەوەی سۆسیال-دیموکراتی لە ڕوسیا وبەشداری کردنی لە شۆشی ساڵی ۱۹۰۵ و ڕاوەدونانی لەلایەن دەسەڵاتی قەیسەری وبەندکردنی. لای گۆرکی

سۆسیالیستی بەمانای خۆشی وخۆشگوزەرانی وجەژنی هەمیشەییە بۆ هەموو کرێکاران لە سایەی رژێمە نوێیەکەدا، بەڵام ئەوەی کە بینیتی دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی بۆلشەفیکان تەنها هەڕەشەتاندنی جوتیاران وکرێکاران بوو؛ نە جوتیار بو بە خاوەنی ڕاستی زەوی و نە کرێکاریش بوبەخاوەن کارگە وەکو بانگەشەیان بۆ دەکرد پێش شۆڕش. سەرباری ڕاوەدونان وگرتنی هەرکەسێک بانگەشەی فرە فکری وسیاسی بکردایە. پیاوانی حزب کارگەکانیان بەڕێوە ئەبرد بۆ ئەوەی هیچ شارەزاییەکی پیشەسازیان هەبێت.

هەروەها ترۆتسکی هەستا بە دروستکردنی سەربازگەی بەندکردنەکان "گۆلاگ". زۆرێک لە مێژونوسان لەو باوەڕەدان ترۆتسکی بەم کارەی ئەیویست کێشەی وێرانبونی ئابوری سۆڤێت دوای شەڕی ناوخۆ چارەسەر بکات بە بەکارهێنانی بەندکراوەکان لە جێبەجێ کردنی پڕۆژەی کارەباو بنیادنانی پیشەسازی قورسی دەوڵەت. دوای نا ئومێد بوونی گۆرکی لە ئەنجامی سیاسەتی دەسەڵاتدارانی نوێ، ناچار لە ئەمانیا گیرسایەوە ودەستی کرد بە دەرهێنانی ڕۆژنامەیەک وبناوکردنەوەی وتار لە ڕۆژنامە ئەمانکان بە ناخنەگرتنی توند لە دەسەڵات دارانی سۆڤێت. نوسینە ناخنە ئامێزەکانی وەکو: "جوتیارانی ڕوس" و "دێرەقی ڕوسی" و "ڕۆشنبیران وشۆڕش" و "نامەی نووسەر وئەدەب لە زەمانی ئێمەدا"، هەروەها داوا کردنی لە ئاناتۆل فرانس بە هەستان بە هەوڵی بانگەشەیەکی جیهانی لەپێناو بەرگریکردن لە ئەدیبە بەندکراوە ڕوسەکان. ئەو هەوڵستەی گۆرگی بوو بە هۆی بێزاری وتوڕەبونی لینین کە گۆرکی بە هاوڕێی نزیکی خۆی دەزانی. تەنانەت لەماڵەکەشیا دەژیا لە ساڵی ١٩١٠ لە کابری کاتی خەباتی نهێنی. گۆرکی زۆرجار گفتوگۆی ئەنجام دەدا لەگەڵ لینین سەبارەت بۆ بابەتی ئایین وڕۆلی لە کەمەگا وپەیامی ڕۆشنبیری لە گۆڕانی کەمەگادا. بەبۆچونی گۆرکی، ئاستەمە کەمەگا پێش بکەوێ بەبێ بوونی پڕۆژەیەکی ڕۆشنبیری مەزن. ڕۆشنبیری بنەمای هەموو پێشکەوتنێکی کەمەلگایە. لینین بوونی ئایینی بەهەموو شێوەیەک ڕەتدەکردەوە لەناو کەمەگای سۆسیالیستیدا تەنانەت ئەگەر بەبەکارهێنانی هێزیش بێت. لەم لایەنەدا زۆر توندەو بوو.

بۆیە لە ڕوسیا کەنیسە مێژوویەکان وێران کران (کاتیدرای کریستیانی دەسێزیان لە مۆسکۆ تەقاندەوە کە بەها بیناسازێکەی هیچ کەمتر نەبوو لە کاتیدرای وێستمنستر لە لەندەن، کاتیدرای سانت پۆڵس لە ڕۆما، کاتیدرای نۆتردام لە پاریس..چی ڕوی ئەدا ئەگەر هەموو ئەمانەش بتەقێندرانایەوە بە دینامێت؟ تێگەیشتنی گۆرکی لەسەر

ئایین لەژێر کارتێکردنی فەلسەفەی نیتشە و "مرۆڤی باڵا"،دا بو، وای دەبینی کە کارەکە پەیوەستە بەخودی کەسەکەوە لە ئینتیمای ئایینی وهیچ زەرورەیەک نابینێ لە دوورخستنەوی خەڵکی سادە لە ئایین بە زەرەملێی. بەڵکو پێویستە بیریان لێشن بکرێت و پلە بە پلە دیدیان بگۆردرێ بۆ ئەو دیدە سکۆلاریزمیەی کە سۆسیالیستەکان مژدە بەخشیان بۆ دەکرد. پێشتریش گۆرکی هەخنەی لە لێبازی لینین دەگرت لەسەر هەستان بە شۆرش پێشهاتنی کاتەکەی. وهۆشداری لە بەرکەوتە لەوخێنەرەکانیشی دا لە زنجیرەیەک نووسینی دا بەناونیشانی "بیرگەلێک لە غەیرکاتی خۆیدا" (ناونیشانەکە هی مقالەیەکی نیتشەی فەیلەسوفە). لەگەڵ ئەمەشدا گۆرکی لە ناخی خۆیدا درکی بەوە دەکرد کە لەرۆژگاری شۆڕشدا داهاتوو بۆلینین ئەبێت. هەروەها لینینیش درکی بەوە ئەکرد کە داهاتوی هۆوسیا بەبێ گۆرکی نابێت، دوای ئەوەی ناوبانگی نەک تەنها لەهۆوسیا بەڵکو ئەوروپا وئەمەریکاشی گرتبوەوە لەهۆگای ئەو کارە زۆرانەی وەکو "منداڵیم"، "لەنۆو خەڵکدا"، "دایک" هەروەها چیرۆک وشانۆگەریەکانی لەسەر ژیانی خەڵکانی هەژار ونەبوو وبێبەش ولانەوازان "پێپەتی". گۆرکی لەنێوان ساڵانی ١٩٢١-١٩٢٣ ژیانی لەنێوان پراگ وهیلسنفۆرگ وبەرلین بەسەر برد. پاشان خانویەکی لە سۆرنتۆ لە ئیتالیا کڕی لە ساڵی ١٩٢٤. دواتر لە کابری کۆمەڵک لە شاکارەکانی وەکو: هۆمانی "کاری خۆزانی ئارتامۆنۆف" و "زانکۆکانم" نوسي هەروەها دەستی کرد بەنوسینی رۆمانە مەزنەکەی "ژیانی کلیم سامگین". کە هۆوشی یەکێتی سۆڤێت ئارام بوەوە، ستالیین بەهەمو توانایەکیەوە هەوڵی گەاندنەوەی گۆرکی ئەدا بۆ نیشتمان (سۆڤێت)، بۆیە گەلێک (المغریات)یان پێشکەش کرد لە نێویاندا سەرپشکردنی لە رۆکخستنی بزاڤی رۆشنبیری لە وڵاتدا. هەروەها دۆنیای کردەوە کە وڵات هۆگاری بوو لە شەڕی ناوخۆ ودەرهاویشتەکانی وگوزەرانی خەڵک خۆش بووە وو بنیادنانی وڵات د ەستی پێکردوە. ئەو هەواڵانەیش کە باس لە سەربازگەی بەندکردن ئەکەن تەنها پێوپاگەندەی دوژمنانی سۆڤێتە.

ژۆمە تۆتالیتاریاکان هەمیشە هەوڵی کۆنترۆڵ کردن وبەکارهێنانی گەورە هۆشنبیر وزانا وکەسایەتیە ناسرەوەکانی کۆمەڵگا ئەدەن بۆ جوانکردنی ناشیرینیەکانیان لەناوە ودەرەوەی ووڵات. ئەمە هێک ئەوە بوو کە ستالین هەوڵی بۆ ئەدا. بۆیە گۆرکی لەساڵی ١٩٢٨ لەسەر داوای ستالین هەستا بە ئەنجامدانی گەشتێک بۆ بینینی ئەو کارە چاکانەی کراون لەو (فەریکە وڵاتەدا). پاش ئەو گەشتە هەستا بەنووسین وبڵاو کردنەوەی زنجیرەیەک نوسین بەناونیشانی "في ارجاء الاتحاد السوفيتي". ساڵی ١٩٣١ گۆرکی هەستا بۆ سەردانی کردنی

سەربازگەی بەندکردن لە دورگەکانی سۆلۆفیتسکی لە باکوری وڵات وستایشی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ بەندیەکان وباری بەندیخانەکەی کرد. دوای ئەم کارەی، زۆر کەس ئەم هەواڵەستەی گۆرکیان سەرکۆنە کرد. الکسەندەر سۆلجەنتسین کە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ بوو یەکێک بوو لە کەسانە کە لەمانگی بەناوی"دورگەکانی گوڵاگ" نووسی: پێوپاگەندەکان گەیشتنە سۆلۆفیتسکی (دەربارەی هاتنی گۆرکی) پێش سەردانیکردنەکە – بەندکان دەکوتە گرتنی، کارمەندانی بەندیخانەکە شەژان… ئەبڵ کەسێک بەندکراوەکان بناسێ بۆئەوەی بەپەرۆشیان بۆ ئەم سەردانیکردنە بخەملێنن. ئەوە نووسەرە "هەواڵ وهۆشداری دەری شاش" ونووسەری پلەیەکی یەوسی! حەشارگای زوڵم وزۆرداری وبێدەنگی ئەبڵەت وئەنوسێ بۆ کەسانی خەمخۆر دەربارەی هۆشی بەندیخانە وبەندکان زۆر بەڵونی! هەموو گومانەکان ئەهۆنراوەتەوە. داکۆکیان لێ ئەکات! …بەڵە سەرپەرشتیارانی بەندیخانەکە هەستان بە ڕازاندنەوەی شوێنەکە وشاردنەوەی هەموو کەمو کورتیەکان. کرملین ئەو بەندکراوانەی کە هەوانەی ئەوە ئەکرد مەبەستی بوو کە کەمترینیان بەزیندوی بمێنێتەوە. زۆربەی نەخشەکان لە هەبەی چارەسەری دەرکران وشوێنەکە پاک کرایەوە. هەروەها ڕاهۆکی نوێ بۆ خانەی چاکسازی مناڵان کە منارەی نامۆ-بە کەمەگایان تێدا نیە، دروستکرا کە هەردوو دیوی بە داری سنەوبەری کاتی (بەبێ هۆگ) رازێندرایەوە.. لەوانەیە گۆرکی ڕزگارکردنیان وچێنیەتی پەروەردە کردن وئامادەکردنیان بۆ ژیان لە داهاتوو لەسەبەری "سۆسیالیستیدا" بەلاوە گرنگ بێت! وە ئیتر ئا بەمجۆرە….

گەڕانەوەی ڕوداوەکانی سەردانیکردنەکە لە ڕەمانی"دورگەکانی گوڵاگ" ی سەرجینتسین، لەئەزمونی خودی خۆی لەئاکامی دە ساڵ لە چەشتنی ئازاری زوڵم وئیهانە کردنی ناو بەندیخانەکە کە بەسەری بردبوو سەرچاوەی گرتوە. دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت هەندێک لە دوکەڵمێنتە نهێنیەکانی کی ج ب – لیژنەی ئاسایشی دەوڵەت- پەیوەست بە گۆرکی ئاشکرا کران. لەنۆیاندا، نامە گەڵینەوەی گۆرکی لەگەڵ سەرکردەکانی حیزب وەکو لینین وستالین ودژیردجینسکی وئەوانی تر هەروەها هەندێک ڕاپۆرتی کارمەندانی ئاسایش وسیخورەکانیان لەسەر گۆرکی. ئەو دێکیومێنتانە گۆرکی بە شێوەیەکی تر وێنا ئەکات نەک بەو شێوەیەی کە ئەکەوتە بەردەسی خوێنەران لەسەردەمی سۆڤێتدا. کێشەی ئەو دەوڵەتەی کە لینین بنیادی نا ئەوە بوو کە لەدەستی ئەو "شۆرشگێڕانەی کە خەونیان بە بنیادنانی کۆمەگای یەکسان وعادیل وە ئەبینی" وقوربانی زۆریان دا لە پێناو ڕامالینی زوڵم وناعەدالەتی دەسەڵاتی قەیسەری وبۆوایان بە ئایدیۆلۆجیای شۆرشی "سۆسیالیستی

زانستی" هەبوو، دەرچوو وکەوتە دەست ئەو کارمەندە حزبیانەی کە لەپێناو پلەو پایە ودەسکەوتی شەخسی هاتبونە نێو حزبەوە. هەندێکی تر لە دەسەڵاتداران لەوانە بوون کە بەناوی حزبەوە لەخولیای دەسەڵات وکۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵگادا بوون نەک خزمەت کردنیان. ئەمانە زیاتر گۆرکیان پەست کردبوو چونکە وای هەست ئەکرد کە شۆرش بەلادا ئەبرێ.

لەساڵی ١٩٣٠ گۆرکی بو بەئەندامی یەکێتی نێنەتەوەیی نوسەرانی دیمۆکرات لەگەڵ ڕۆمان ڕۆلان ووایتون ووینکلر وألبرت ئەنشتاین وهینرک مان ولویس ئەراگۆن ووایڵز تریولیە وگەلێکی تر لە گەورە ڕۆشنبیرانی ئەوروپی کە سەرکۆنەی لەسەداڕەدانی ٤٨ کەسیان کرد لەسەر وبەندی "کۆشەی برسێتی" لە یەکێتی سۆڤێت. ساڵی ١٩٣٢ گۆرکی بۆ یەکجاری گەرایەوە سۆڤێت. لەئەوروپا گرنگیدان بە کارەکانی گۆرکی سستیەکی بەخۆوە بینی لە ئاکامی سەرهەڵدانی ڕۆچکەی ئەدەبی نوێتر. حکومەتی سۆڤێت یەکێک لە کۆشکە گەورەکانی ملیۆنێر ریابۆنشسکی لەناوەڕاستی مۆسکۆ وڤێلای تیسیلی لە قرم پێشکەش کرد. ڤێلاکەی قرم بەجێگری کردنی بوو لە سەفەر بۆ کابری لە ئیتالیا بەبیانوی هەواگۆڕین چونکە ئاوهەوای قرم وباشوری ئیتالیا لە یەک ئەچوون. هەروەها ستافێکی خزمەتیان لە گەڵ شۆفێر وپزیشک بۆ تەرخان کرد. لەوەش گرنگتر بازنەیەک لە پیاوانی دەزگای ئاسایش بە سەرکایەتی هینریک یەهودا بەرپرسی بەرپرسایەتی ئاسایشی گشتی دەوڵەت ووەزیری ناوخۆ (کۆمیسیاری گەل بۆ کاروباری ناوخۆ). ئەم جوە کێنە گۆڕەشوێنە کە ناوی ڕاستەقینەی (یەنون گۆرشینۆڤیچ یەهودا) بوو پاڵپشتی ستالین بوو لەکاتی ئەو خڕپیشاندانانەی کە کران لە دژی ساڵی ١٩٢٨. لەبەر ئەوە ستالین دواتر پشتی پێبەست لە بەرپرسایەتی گرتووخانەو بەندیخانەکان و ئاسایشی وڵات. بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی خزمی سەرکردەی بەڵشەفی یاکۆڤ سەفەردلۆڤ بوو. هاوسەری خوشکەزاکەی بوو (بەڕام ستالین یەهودای لەسەداڕە دا لە ساڵی ١٩٣٨بە تاوانی هەوڵدان بۆ گۆڕینی دەسەڵات لەگەڵ گروپی تڕۆتسکیەکان).
هەموو جموجۆڵەکانی گۆرکی لەژێر چاودێری یەهودادا بوو. وهەموو وەردەکارێکانیشی ئەگەیاندە ستالین لەبارەی دانیشتن وکۆبونەوەکانی لەگەڵ مەکسیمی کۆی وهاوڕێ نزیکەکانی وگفتوگۆکانیان. لە ڕاستیدا گۆرکی خرابوەوە ناو "قەفەسێکی ئالتونیەوە" بەکار ئەهێنرا لە لایەن دەسەڵاتی حیزبەوە بۆ کۆنترۆل کردنی سێکتەری ڕۆشنبیری لە دەوڵەتدا. بەسەرپەرشتی گۆرکی، ژمارەیەک گۆڤار وڕۆژنامەی ئەدەبی دەرئەچون. یەکێتی نوسەران دامەزرا، ئینسیکلۆپیدیای "ئەدەبی

جیهانی" دەرچونرا وێەکەمین کۆنگرەی یەکێتی نوسەران بەسترا. گۆرکی تێیدا وتارێکی تێروتەسەلی پێشکەش کرد دەربارەی ڕۆڵی نوسەرانی سۆڤێت لەو دەمەدا وباسی "ریالیزمی سۆسیالیستی" وەکو ئامانجێک کە دەبێ هەموو هونەرمەند ونوسەرانی دەوڵەت لە سایەیدا هەوڵی دوبارە بنیاد نانەوەی ژیانی کۆمەڵگای سۆڤێتی بدەن.
گۆرکی هەر لە مناڵیەوە بەکەسێکی بەرهەڵستکاری زوڵم وشەڕشگێر ناسرابوو بۆیە قبوڵکردن ومانەوەی لەگەڵ ڕژێمێکی گشتگیر بە سەرکایەتی ستالین بە کارێکی نامۆ دێتە بەرچاو. پاش گەانەوەی بۆ یەکێتی سۆڤێت گۆرکی تووشی کۆمەڵێک نەهامەتی هات دەسپێکیان لەدەست دانی مەکسیمی کوڕی بوو کە لەتافی گەنجیدا بوو. پۆواگەندەی ئەوە بۆاو بوەوە گوایا بە پلانی یەهودا بووە. بەگوێرەی دانپێدانانی بیوتەر کریوتشکۆف کە سکرتێر وپاسەوان وخانەخوێی گۆرکی نوسەر بوو. کریوتشکۆف ئەمەی لەکاتی دادگایی کردنی لەسەر کەیسی (التآمر) لە ستالین لەلایەن بوخارین وزینۆفییف وکامینیف وتبوو. هەروەها کریوتشکۆف، کەدواتر لەسێدارە درا لەگەڵ هاوسەرەکەی دانی بەوەشدا نابوو کە تۆوە گلاوە لە ڕوداوی مەکسیم.

وترا کە گوایا یەهودا ئەو کارەی کردوە چونکە مەیلی لە هاوسەرەکەی مەکسیم بووە. بەڵام مێژوناسان گومانیان هەیە لەوەی کریۆتیشکۆف کە زۆر دڵسۆزی گۆرکی بوو دەستی هەبوبێ لە کوشتنی کوڕەکەی کە بە نەخۆشیەکی کتوپڕی دێ مرد. گۆرکی لە نامەیەکیدا بێ بێ کریۆتیشکۆف لە ساڵی ١٩٢٧ لە سۆرنتێی ئیتالیاوە نوسیبوی: " کە دەوڵەمەند بووم پەیکەرێکی گەورەی برۆنزت بۆ دروست ئەکەم لە گەورەترین گۆڕەپانی شاردا. ئەمەت بۆ ئەکەم چونکە تۆ کتێبەکانمت پاراست، بەڵاستمە وگاڵتە ناکەم. من سوپاسی بێپایانت ئەکەم. چۆن ئەکرێ کەسێکی ئاوا دڵسۆز کوڕەکەی بکوژی هەرچەنە دانی بەوەدا نابوو لەژێر ئەشکەنجەدا. ستالین ترسی لە گۆرکی هەبوو کە هیچ کاتێک نەبوو بە یەکێک لە دەستەی کەسانی بەردەستی. گۆرکی بەکەسانی وەک ریکۆف وبوخارین وکامینیف وزینۆفییف دەورەدرابو کە رکابەری ستالین بون لە لیژنەی ناوەند وستالین حەزی لێنائەکردن.
لە ١٨ حوزەیران ١٩٣٦ گۆرکی لێ دوای چەند ڕۆژێک لە نەخۆشیێکی سەخت وبێهۆشی کۆچی دوایی کرد لە باخی گۆرکی (وشەی گۆرکی لێرە بەمانای "گردەکان" دێت لە ڕوسیدا بەخوێندنەوە بەڵام شێوازی نوسینەکەی جیاوازە.) لەدەرەوەی شاری مۆسکۆ. هەمان ئەو شوێنەی کە لینین تێیدا مرد. پێش مردنی، ستالین بەیاوەری مۆلۆتۆف وفۆرشیلۆف لێ دوای نیوەی شەو سەردانی کرد. پزیشکەکان بە دەرزیەکی کافور هێنایانە هۆش خۆی پێش سەردانی کردنەکە. دواتر لە کاتی دادگایی

کردنی گروپەکەی تر تسکی و " پزیشکە بکوژەکان" وابۆاو کرایەوە کە پزیشکەکان بەمەبەستی کوشتن برکی زر لە کافوریان لدداوە. بەام هیچ بەگەیەکی سەلمنەرنیە بۆ ئە مکارە. لەاپرتە پزیشکیەکەیدا هاتبوو کە هی مردنەکەی لە ئەنجامی هەوکردنکی توند بوە لە بەشی خوارەوەی سیەکانی کە سانکی زر بوو توشی نەخشی سیل هاتبوو. راپرتەکە لەلایەن تیمک لە گەورە پزیشکان لەناویاندا وەزیری تەندروستی کامینیسکی وپزیشکی کرملین خدرکفسکی وپزیشکان لانگ وبلیتنیف وکنتچالفسکی وسبیرانسکی ولیفین واژ کرابوو. زرینەی ئەمانەی ناویان هات لەو جوانە بوون کەدواتر لەسدارە دران. پرفیسر داڤیدفسکی هەستا بە کاری توکاری لاشەکەی (تشریح الجثة). کارک بەخرایی ئەنجامدرا هەر لە ژووری نوستنەکەی لەسەر مزی نوسینەکەی. کەس نهنی ئەم پەلەکردنەی نەئزانی وترا کە نمایەکان لە کرملینەوە هاتبوو.

کریوتشکف لەیادەوەریکانیدا لەبارەی ئەو وداوەوە نوسیبووی وئە: لەدوای مردنی گرکی هەسوکەوتی پزیشکەکان لەگەی گا. تەنها لاشەیەکی مردو بوو لای ئەوان...کات چومە ژورەکەوە تەنها لاشەیەکی لە خون گەوزاوم بینی پزیشکەکان ناوسکیان هەموو هنایە دەرەوە ئینجا شرتیان وبە دەرزی ودەزویەکی ئەستور سکیان دوریەوە. مشکیان فردابوە ناو قابکەوە وبەمنیان ووت بیبە بۆ "پەیمانگای مشک". بەگورەی ووتەکانی، هیچ نوسەرکی تری وسی بەوجرە مامەی لەگە نەکراوە لەکاتی مردنی. کەیسەکەی بە دەسیسەی سیاسی ناوبردوە. لاشەکەی گرکی سوتنرا وخەمشەکەی کرایە ناو شوشەیەکەوە وخرایە ناو دیواری کرملینەوە، بەپچەوانەی وەسیەتنامەکەیەوە کە داوای کردبوو لەتەنیشت گی کوەکەیەوە لە دڕ نڤدیفیتشە بنژرت. گرکی خی خستە ئەم گژەنگی پیلانگیی وگەی خشکرد بۆ دەستوەردانی خەکانکی نام وهزگەلکی پچەوانە بە سروشتی داهنانی ئەدەبی خی. نەک تەنها لەو کاتەی لە ژیاندا بوو بەکو لە مردنەکەشیدا. بەهەرحا دواتر ئەو پزیشکانە هەموو سزای مردنیان بەسەردا سەپنرا وگولەباران کران. ئەوتر ستالین قی لە پزیشکەکان بوو گە چارەسەرە میلیەکانی پ باشتر بوو. وەکو خ پچینەوە بە عابایەکی قەوقازی بەمەبەستی عارەقکردن ولە کاتی تا لهاتن. لینینیش هەمان بچونی هەبوو، متمانەی بە پزیشکە بەشەفکان نەبوو پزیشکە سویسرکانی پ باشتر بوو.

گەشتی گەرکی لەسەر ئەی پێ لە ئازاری ژیان لە ئەژی لەدایک بونیەوە لە نیجنی-نوفگەرەد وە دەستی پێکرد هەتا ئەژی مردنی لە باخی گەرکی. ژیانی پێ بوو لە کارەساتی گەورە ونوشوستی کاتێک هەوڵی خۆکوشتنی دا لەتەمەنی ١٩ ساڵیدا دوای ئەوەی نەیتوانی بچێتە زانکۆی قازان. بۆیە چانسی خوێندنی باڵای لەدەست چوو. دواتر ئەستێرەی لەجیهانی ئەدەبدا گەشایەوە کاتێک چیرۆکی "ماکار تشردا" ی بۆاو کەردەوە لە ساڵی ١٨٩٢. دوای ئەوە کارەکانی تری بۆاوکرایەوە کە ناوبانگی جیهانی بۆ هێنا وبوو بە نوسەری پلە یەکی ڕوسی دوای مردنی تۆلستۆی ودۆستیوفسکی وتیشخۆف.

مەکسیم بیشکۆفی دارتاش، باوکی مەکسیم وفارفارا کاشیرینای دایکی لە کەنیسەی شاری نیجنی- نوفگورود هاوسەرگیریان کرد. هەرگیز لەبیری ئەوەدا نەبوون کە منااڵە نۆبەرەکەیان ئەبێتە یەکێک لە گەورە ئەدیبانی ڕوسی. مەکسیمی باوک لەکارەکەی کە کۆمپانیایەکی دەریاوانی بوو پلەی بەرز کرایەوە وکاری سەرپەرشتی دروستکردنی کەوانەی سەرکەوتنی پسپردرا بۆ بەخێرهاتنی کردنی ئیمپراتۆر ئەلێکسەندەری دووەم لە شاری ئستراخان. بۆیە تازە بوک وزاوا لەو شارە نیشتەجێ بوون. گەرکی کوڕ (کەناوی ئەلیکسی بوو) لەو شارە لە ١٦ مارت ١٨٦٨ لەدایک بوو. بەڕام لەساڵی ١٨٧١ خێزانەکەیان کۆستێکی گەورەی کەوت؛ الێکسی توشی کۆلێرا بوو باوکی کە بەدیاریەوە بوو وخزمەتی ئەکرد ئەویش گیرۆدەی هەمان دەرد بوو. باوکە مرد ومنااڵەکە چاک بوەوە. دایکی کە چاوەڕی منااڵی دووەمی ئەکرد ناوی لێنا مەکسیم کە لەدایک بوو، بەناوی مردە کۆچکردووەکەیەوە. باوک لە ئستراخان بۆخاک سپێردرا بەڕام مەکسیمی برای ئەلێکسی لە ڕۆگای گەڕانەوە بۆ نیجنی نۆفگەرد مرد. گەرکی لە کتێبی "منداڵیم" باسی دیمەنی منااڵکی بچوکی ڕاکشاو لە تابوتکا ئەکات، لە ناو ئەو کەشتیەی کە بردنی بۆ نیجنی نۆفگەرەد وچۆن دایکی بەچاوی ناحەزەوە تەماشای ئەکرد وبە سەرەخۆر وهێی بۆەژن کەوتنی خۆیی ئەزانی. بەم شێوەیە ولەگەڵ ئەم ڕوداوە تراجیدیانە ژیانی یەکێک لە گەورە ئەدیبانی ڕوسی دەستی پێکرد.. کە دایکی شوی دووەمی کرد باپیری ڕازی نەبوو بەڕام ناچار بوو کچەزاکەی بگرێتە خۆی. داپیرە ئەرکی گەورەکردنی گرتە ئەستۆ وۆاڵکی کاریگەری هەبوو لەسەری. کە بوو بە حەوت ساڵان ڕەوشی مادی باپیری زۆر خراپ بوو بۆیە سەرەتا ناردی بۆ کارکردن لە دوکانی پۆاوفرۆشک. دواتر لای خێزانی سۆرگییف کە خزمی داپیرەی بوون وەکو خزمەتکار، بەڕام پاش ماویەکی کورت هەڵهات. لەو کاتەوە ئیتر شەوی مان ونەمان لە ژیانی ئەو منااڵە دەستی پێکرد. ئیشەکان وگرنگیدانی بە شت گۆڕانکاری بەسەردا هات. قورستین کار

کردبێتی لە نانەواخانەیەکدا بوو کە دەبوو بەیانیان زوو کیسە ئاردی قورس بارکات، هەویر ئامادە بکات، فرن گەرمکات، دواتر نان وبەرهەمەکانی تر ببات بۆ بازاڕ وبیانفرۆشێ.

لە سەرەتادا باپیری بەزەر ئەیبرد بۆ کەنیسەو نوێژ وسروودە ئاینیەکانی پێ لەبەر ئەکرد. لەوبارەیەوە گێرکی نووسیویەتی:" حەزم لە ڕۆیشتنی کەنیسە نەبوو، ملی ئەگرتم وبەزەر سوجدەی پێ ئەبردم". دواتر باپیرە وازی لێهێنا وسەرپشکی کرد، بەڵام دواتر ئەلیکسی دانیبەوەدا نا کە حەزی تێنها لە سەیرکردنی نیگارەکەنی ناو کەنیسەو گۆگرتن لە سرودە خەماوێکان بووێ. لەبەرئەوە حەزی لە ڕۆیشتنی مناوەلە (بۆنەیەکی ئایینی کریستیانەکانە بۆ منااڵن ساز ئەکرێت) نەبوو. کاتێک بۆ یەکەمجار سەردانی قەشەی کرد بۆ ئەم مەبەستە، هەستی کرد هەڕەتێنراوە وئەمە کارێکی بێزارکەرە. جارێکیان باپیری بڕێک پارەی پێدا بۆئەوەی بیبەخشێتە کەنیسە، بەڵام ئەو پێی باشتر بوو بچێت یاری پێبکات لەگەڵ منااڵن وپارەکەی دڕان وبەدرێوە بە باپیری گوت کەوا مناوەلەی ئەنجام داوە لە لای قەشە. بەمشێوەیە ئەم منااڵە گەورە بوو لە کەشێکی دور لە کەنیسە. داپیرەشی کە زەر چاودێری بوو، زیاتر گرنگی بە چیرێک وگێرانیە میلیەکان ئەدا تاوەکو وتنەوەی سرودە ئاینیەکان لە گەیدا. دیدی نەگەتیڤیانەی گێرکی لەسەر کەنیسە وئایین لەو کاتانەوە دروست بوو. زیاتریش جێگیر بوو لەگەڵ ئاشنا بوونی بە فەلسەفەی نیتشە وفەیلەسوفە ئەمانەکانی تر. مردنی یەک لەدوای یەکی برا وخوشکەکانی ئەلیکسی وەک ئەوەی بڵێی چارەنووس بەمەبەست الێکسی بەتاقانەیی بهێڵتەوە لە هەردوو هاوسەرگیریەکەی دایکی. ژیانی لەلای دایکی دوای هاوسەرگیری دووەمی زەری نەکێشا.

ئۆژەکیان خەریک بوو مردەکەی دایکی بە چەقۆ بکوژێت ئەگەر دایکی دوری نەخستایەتەوە لە بەر ئەوەی بە پێاو لەدایکی دابوو. هەڕەشە کوشتنی ئەو وخۆشی کرد ئەگەر جارێکی تر دەستدرێژی بکاتە سەر دایکی. جارێکی تر دایکی ناردیەوە ماڵی باپیرەی. دوای مردنی دایکی باپیرەی گووتی: "هێی... ئەلێکسی.. تۆ مەدالیە نیت بکرێیتە مل، بۆ لەناو خەڵکیدا بژی". بەو شێوەیە باپیرە کچەزاکەی ماڵ بەدەر کرد دوای مردنی دایکی بە چەند ئۆژەک. دایکی ئەلێکسی کە لە خزانی کاشیرین بوو، زووتر خزانێکی دەوڵەمەند بوون بەڵام ئێستا سەروەتەکەیان لە دەست داوە. بە بۆچوونی باپیرە، کچەکەی تەنها هۆ بوو کە بە منااڵەکەی ئەبەستێتەوە. پێشتر کە منااڵەکەی گرتبووە خۆی بۆ ئەوی هەلی شووکردن بۆ کچەکەی دەستەبەر کات بەپیاوێکی ئۆزدار،

بەڕام دوای مردنی کچەکەی ئەو پەیوەندیە نەما. باپیرە هەموو سامانەکەی لە (سفقە) بازرگانی لەدەست دابوو، ئەلکسی بوو بوو بە بارگی قورس بۆی.

نووسەرانی ژیانامەی مەکسیم گۆرکی لەوباوەڕەدان کە ئەو ڕۆداوانەی لە هەردوو کتێبی "منداڵیم" و "لەناو خەڵکدا" هاتووە، مەرج نیە بەدەقیقی گوزارشت لە ژیان وبەسەرهاتی خۆی لەلای باپیری یان ئەوکاتەی ئەمشار وئەوشاری ئەکرد بکات. بەڵکو لەوانەیە نووسەر جەوی بۆ خەیاڵ شل کردبێ لە وێناکردنی شتەکان بەمەبەستی ڕاکێشانی خوێنەر. لەوانەیە دەرەقی باپیرە لەگەڵ هاوسەرەکەی ومناڵەکانی ڕاست بێت، گۆرکی گەلێک بەسەرهاتی لەو جۆرەی باسکردوە. بەڵام هەر باپیرەش بوو بەهۆی هەڵکەوتنی لە خوێندنگای سەرەتایی لە کەنیسە چونکە بەزۆر سروود ونزاو چەند پارچەیەک لە کتێبی پیرۆزی پێ لەبەر ئەکرد، لەو ماوە کورتەی کە خرایە بەر خوێندن.

ئەوەی شایانی باسە، گۆرکی خەرمانەیەکی پیرۆزی بەدەوری داپیرەیدا کێشابوو لە کارە ئەدەبیکانیدا. داپیرە کە چیرۆکی بۆ ئەگێرایەوە، بۆ ئەو نموونەی چاکەو سۆز وچاو ودڵتەری بوو هەرچەندە باپیرە بە "ژنە ساحیرە پیسەکە" وەسفی ئەکرد. بەڵام لەلای ئەلکسی وەکو پاکیزەی پیرۆز وسەرچاوەی خۆشەویستی بوو کە لەمناڵی لێی بێبەش بوو. لە مناڵیەوە هەردیمەنی لاشەی مردوو، سەرما وسەرما، لاشەی باوکی لە تابوتکدا برا کۆرپەکەشی لە تابوتکی تردا ئەبینی. هەتا دایکیشی وەکو مردو ئەهاتە بەرچاو بە بێدەنگکەی وڕووە وشک وڕەش هەگەاوەکەیەوە وفەرامۆش کردنی ئەمەوە. دیمەنی داگرتنی تابوتەکەی باوکی بە ناو گۆڕەکەی کە پڕ بوو لە ئاو، لە کاتی بەخاسپاردنیدا وباز بازنی بڕەکان بە دەوریدا کە دوانیان لە سەر تابوتەکە بوو، هەمیشە لە بەر چاو بوو. دوای ئەوە مردونۆژەکان خۆڕەکەیان کرد بەسەردا، بڕەکان هەوێیان دا لە چاڵەکە بێنە دەرەوە بەڵام هەوڵەکانیان بێ ئەنجام بوو. ئەم دیمەنە هەستی بەزەیی لە دڵی ئەلکسی جوڵاند.. بەو شێوەیە گەورەی خۆزان وبراو بڕەکان بەتەنیشت یەکەوە جێی خۆیان گرت. بەگشتی گۆرکی هەستی سۆز وبەزەیی بەرامبەر مرۆڤ وگیانلەبەر وهەتا شتەکانیش دەرئەبڕی. بۆیە دەسەڵاتدارانی بەلشەفی هەندێک جار لە وەستانەوەی گۆرکی وبەرگریکردنی لە کەسانێک کە ئەوان بە دوژمنیان دائەناو تەنائەگەیشتن.
داپیرە بۆ ئالکسی جێگای دایکی گرتبوەوە، لەکاتێکدا کە هەموو

جیهان پشتی لێکردبوو. ئەو بووبوو بە تاکە پەرژینی ژیان بۆی کاتێک "خواکەی باپیرە" دەستبەرداری بوو. وەکوو دەستبەرداربونەکەی لە بۆقەکان کە بە زیندوویی کرانە ژێر خاکەوە ومردن. سەرەڕای ئەوای داپیرە کەسێکی سادە بوو، خوێندن ونووسینیشی نائەزانی، بەڵام لاری نەبوو لە خواردنەوەی پێکێک لەگەڵ دەریاوانەکان وگۆڵانەوەی بەسەرهاتی دەگمەن لەو کەشتیەی کە لە ئەستراخانەوە هێنانیەوە. ئەو کارەی داپیرە بوو بە هۆی توڕەبوونی فارفارای دایک وپێی ووت "دایکە.. گاڵتەت پێئەکەن.. "ئەویش وەڵامی دایەوە "با گاڵتە بکەن خوایان لەگەڵ"
ئەڵێکسی بچووک پشتی بە داپیرە قایم بوو بۆ ڕزگار کردنی لە وانی تر لەکاتی دروست بونی کێشە لەگاڵیاندا. وەکو هەموو ژنانی نەخوێندەواری ئەو سەردەمەی خەڵزانە هەژارەکان، لەتەمەنی ١٤ساڵیدا درا بەشوو بە پیاوێکی لەخۆی بەتەمەن تر بەمەبەستی دابیکردنی ژیانی داهاتووی. باوکی نەبوو، کچی ژنێک بوو سەر بە گەلی شەفاشی بوو. نوێژ کردنەکەی وەکو ئەوانی تر نەبوو، سوجدەی ئەبرد ئینجا چەندجارێک وێنەی خاچی ئەکێشا وئەپاڕایەوە بۆئەوەی خوا خۆی نەزان ونەفرەتی وهەموو ئەرتەدۆکسەکان ڕزگار بکات وئەیووت: تۆ ئەزانی من گوناح ئەکەم بە نیەت پاکی.. ئینجا لە پاکیزە ئەپاڕیەوە وەحمی پێبکات.. ئەیوت: تۆ سەرچاوەی شادی ودڵخۆشیت، جوان وبۆگەرد وپاراوی وەکو سۆو. باپیرە زۆر توڕە ئەبوو لەم جۆرە نوێژکردنەی ئەم. هاواری ئەکرد بەسەریدا وئەیوت: هەی نەفام چەند جارم پێ ووتیت وفۆرم کردووی نوێژ کردن چۆن ئەبێ. تۆ هەر ژاوە ژاو ئەکەیت، هەی گومڕا! خوایە چۆن ئەمە قبوڵ ئەکەیت.. شەفاشی بە نەفرەت.

لە ڕۆژانی جەژنا کاتێک باپیرەو کۆمە گەورەکەی لەماڵ بەدەر ئەکەوتن بۆ سەردانی خزم وبرادەران، داپیرە هەرچی خواردنی خۆش وبەتام بوایە ئامادە ئەکرد وسفرەی ئەڕازاندەوە لەگەڵ سوراحیەکی سەوز کە بە گوێی سور نەخشێنرابوو لە ڤۆدگا.. خاڵی یاکۆفیش گیتارەکەی ئامادە ئەکرد چەند ماڵێکی تریش ئەهاتن لە گەڵ قەشەی کەنیسەکەی نزیکیان.. بە خواردن وخواردنەوەو بەزم وسەما وپێکەنین کاتەکەیان بەسەر ئەبرد. گۆرکی لە چیرۆکی "داپیرە کۆلینا" باسی پیرۆژنێک ئەکات لەژێرزەمینێکی شەداردا ئەژی کەسانێکی زۆری ئەلکهۆلیک وئالودە وئەو مرۆڤانەی کە بە زبڵی کۆمەگا ناوئەبرێن ولە دواپلەی چۆپاویدان لەدەوری خۆیدا کۆ کردۆتەوە. پێیان شەرم نیە لەسەر حسابی ئەو پیرۆژنە هەژارە بژین. داپیرەی ئەڵێکسی هەڵئەستا بە کۆکردنەوەی خۆر وبەخشش لە خەڵکی خۆرخواز لەپێناو ناندانی دەیەها کەسی " لانەواز وپێپەتی ودز ولەشفرۆش کەوا

بەشێوەیەکی کاتی" سەرچاوەی بژێویان لەدەست دابوو. هەموو خەڵکی گەرەک ودەرەوەی گەڕەک، شارەزای خانەدانی وچاو ودڵتەری داپیرەی ئەلیکسی بوون کە ئەبوە مایەی ئاق وتوانجی باپیری. کاتێک ئەلیکسی لەسەر فەرمانی باپیرەی ماڵبەدەر کرا، داپیرەی لەکاتی بەڕێکردنی ووتی: "نابێ لەکەس تووە بی. تۆ لوت بەرزی! لەبەر بچووکترین هۆی تووە ئەبی، ئەمەت لە باپیرەت بێ بەجێ ماوە – ئەم باپیریە چیە؟ هەروا ژیا، وژیا، پیرێکی نەفام وتاڵی لێ دەرچوو. ئەبێ شتێک تێبگەی: خوا میهرەبانە مرۆڤ تاوانبار ناکات، ئبلیس ئەوە ئەکات! خوات لەگەڵ!".
ئەو لە بیروباوەڕی کۆیستیانێتی تەنها بەزەیی وبەخشندەیی ئەزانی، بۆیە ئەلیکسی لە ئەوەوە فێر بوو ئوو لە پاکیزە (مەریەم) بکات نە لە خودا.. چونکە ئەو دایکی هەموو جیهانە، واتا دایکی ئەمیشە. لەبەر ئەوە لەکاتی زیارەتکردنی ئایکۆنی پاکیزە، هەموو جارێ لێوەکانی ماچ ئەکرد ئەمەش ئەبوە هۆی تووە بوونی خۆزانی فاسیلییف لەکاتی کارکردنی لەگەڵیان لە شوێنە بازرگانەکەیان لە قازان. ئەم هەموو بەسەرهاتانەی لە کتێبی "مناڵیم" باس کردوو.

گۆرکی ئەڵێ: "بە جەستە لە نیجنی نوفگۆرۆد لە دایک بووم بەڵام بە ڕوح لە قازان". بیرکەی باپیرە لە ناردنی کچە زاکەی بێ ژیان لە "نێو خەڵک" وەکو ئەوەی خۆی دەستی پێکرد بێ کرێکاری کەشتیوانی لەسەر ڕوباری ڤۆڵگا، دواتر بوو بە "مرۆڤ" کاتێک کرا بە سەرۆکی دەزگای کەشتیوانی ڕوباروکان وسەرۆکی ئەنجومەنی شار. لە ڕاستیدا گۆرکی (عقیدتە) لە ژیان لە قازان دروست بوو بەتایبەتیش کاتێ لە نانەواخانەیەک کاری ئەکرد کە خاوەنەکەی ناوی دیرینکۆف بوو داهاتەکەی تەرخان کردبوو بێ بەرەوپێشبردنی خوێندن وبزوتنەوە جەماوەرکانی شارەکە. چونکە لەوکاتەدا لە ڕوسیا کەسانێک هەبوون کە ئەو جۆرە خەونەیان هەبێ. دێرینکۆف باسی داهاتوی ڕوسیای بێ ئەکرد کە کاتێ هەوڵی هەزاران کەسی چاک یەک ئەگرێ وپێستە دیارەکانی کۆمەڵگا ئەگرنە دەست وژیان یەکسەر سەراپا ئەگۆڕێ. گۆرکی لەسەر ژیانی خۆی لە قازان ئەڵێ: " لە تەمەنی پانزە ساڵیمدا حەزکی زۆری فێربوون دایگرتم، بۆیە سەفەری قازانم کرد. چونکە وام ئەزانی خوێندن بێ بەرامبەرە لەوێ، بەڵام وا دەرنەچوو ناچار لە نانەواخانەیەک گیرسامەوە مانگی بە دوو ڕۆبێ دەستم بە کار کرد. کارەکە قورسترین کارێک بوو کە لە ژینم کردبێتم". خوێندن لە زانکۆی قازان بیرکەی یەکێک لە قوتابیەکان بوو کە ناسیاوی خۆی بوو سەڵای ئەوەی کە گۆرکی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی کەنیسەیشی تەواو نەکردبوو تەنها دوو ساڵی لە قوتابخانەیەک لە

دەرەوەی نیجنی نوقگەرەد خوێند بوو. وازی لە خوێندن هێنابوو دوای ئەوەی توشی نەخۆشی سورێژە بوو. ئەو هاوڕێیەی هێنای بۆ ماڵی خۆیان، دایکی بە موچەیەکی کەمی خانەنشینی لەگەڵ براکەی تری بەخێوی ئەکردن. دوای چەند ڕۆژێک لەو ماڵە، درکی بەوە کرد کە ژیان لەو ماڵە وبەوجۆرە ئەستەمە بەردەوام بێت. بۆیە دەستبەرداری بیرکەی خوێندنی زانکۆ ومانەوەی لەلای ئەو خزانە بوو. بەگشتی ئەو ساتانەی ژیانی گەرکی کە لە قازان بەسەریبرد قورسترین ساتەکانی ژیانی بوو. لە تەمەنی ١٩ساڵیدا هەوڵی خکوشتنی دا لەبەر نەبونی وبرستی. دەمانچەیەکی پەیدا کرد وکتێبکی فیزیاڵجی لە قوتابیەک وەرگرت تاوەکو شوێنی دۆ بزانێ لەناو جەستەدا لولەی دەمانچەکەی ئاراستە بکات. ئینجا چووە شوێنکی بەرزی نزیک دێرەکە وفیشەکێکی نا بە خێیەوە. تەتەریەک، نەک هاهیبەکانی ناو دێرەکە بە پەلە چوو بەهانایەوە وفریاگوزاری سەرەتایی بۆ کرد وپۆلیس وئیسعافی لە ئاگادار کردەوە. ئەڵکسی ماوەیەک لە نەخۆشخانە مایەوە. پزیشکەکان وتیان فیشەگەکە بەشی خوارەوەی سییەکی پکابوو وچارەسەر کرا. دوای ئەو کارەساتە کەنیسە فەرمانی قەدەغە لکردنی کەنیسەی بۆ دەرکرد لەبەر ئەوەی هەوڵی خکوشتنی داوە، کاتک پلیسک فەرمانەکەی بۆ هێنا گەرکی وتی فەرمانی نەچوونە نێو کەنیسەی بەماوەیەکی زۆر پشترلە بیاری سنودس لە بەبەش کردنی تلستۆی لە کەنیسە بۆ دەرچووە. پلیسەکە داوای لکردبوو بچێتە بارەگای کەنیسە وتۆبە بکات وداوای لخۆش بوون لەو کارەی بکات بەنام گەرکی بەهەموو شوەیەک هەتی کردەوە.

ژیان لە قازان چانسکی دەگمەن بوو بۆ شارەزابوون لە ژیانی لانەوازان وئەو "بونەوەرانەی کە مرۆڤ بوون" کەشەوانیان لە ژەرزەمینەکان بەسەر ئەبرد. هەرووەها لەڕێی گفتکردنەوە لەگەڵ ئەو قوتابیانەی کە ککی پ ئەفرۆشتن.
گەرکی زۆر شت فێر بوو لەکەسانی تری وەکو دەرینکۆف لەو شونانەی کە کاری تێدا کرد وەکو وەرشەی وێنەکردنی ئایکۆن. قابشاری چشتخانە ویارمەتی دەری چشلێنەرەکە لە سەر پاپاری "دوبری". چشلێنەری پاپاەکە- سەموری- (ناوکی خوازراوە) سەربازکی خانەنشین بوو سنوقکی گەورەی هەبوو لەناو پاپارەکە جارەها گۆقار وڕۆژنامە وکتێبی تێدابوو. گەرکی لە ساڵی ١٨٩٧ لەسەری نووسیویەتی: " سەمۆڕف هەستی گرنگیدان بە خوێندنەوەی کتێبی لا وروژاندم". گەرکی کە پشترقی لە خوێندنەوە بوو، وای لێهات کتێب بکڕێت لەو شارانەی کە پاپارەکەیان پیدا تپەڕ ئەبوو. ئەتوانێ بگوترێ گەرکی لەرەوە خولی فێربونی استی دەست پکرد. لە ڕێی خوێندنەوە

وەڵامی گەڵک پرسیاری سەرسوڕهێنەری دەست کەوت کە پێشتر ڕوون نەبوو لای. سەمەری بانگی ئەکردە ژورەکەی خۆی وکتێبێکی ئەدا‌ێ ئەیوت: بخوێنە.. ئەگەر تێنەگەیشتی چەند جارێکی تر بیخوێنەوە.. هەتا حەوت جار! ئەگەر هەر تێی نەگەیشتی دوانزە جار بیخوێنەرەوە!

کاتێک چووە سەرکاری تریش وەکو باخەوان وڕاوچی ماسی وئێشگر لە وڵستگەی شەمەنەفەر، هەر بەردەوام بوو لەسەر خوێندنەوە. خەمی گەورەی دەست کەوتنی کتێب بوو لە هەر کەسێک بوایە، یان بە کەین تەنانەت بە دزیش بوایە. دەستپێک حەزی لە ‌ێمانی کەمیدی و (المغامرات) بوو، ئەمەش دواتر کاریگەری قووڵی لەسەر شێوازی کارکردنی ئەدەبی دانا کە شێوازی وروژاندنی سزی بەکار ئەهێنا وجێی ڕەخنەی ڕەخنەگران بوو. دوای قازان گەڕکی چوو بۆ شاری کراسنۆفیدۆف، دەستی بە کارکردن کرد لە دوکانی روماس کە یەکێک بوو لە ئەندامانی سەر بە بزوتنەوەی (نارۆدنیکی) وپەیوەندیەکی هاوڕێیانەی بەهێزیان پەیدا کرد، لە ڕێی ئەمیشەوە بە بیرکە شۆڕشگێریەکان ئاشنا بوو. کاتێک لە کارێکی ئاژاوەگێریدا دوکانەکەی روماس سوتێنرا بە هەموو کتێبەکانییەوە، گەڕکی بە توندی بەشەڕ هات لەگەڵیان.

دوای ئەوە لە کێڵگە وباخەکاندا کاری کرد، ئینجا سواری کەشتیەک بوو لە سامارا وە بۆ دەریای قەزوین لەوێ کاری ڕاوە ماسی ئەکرد. دواتر، لە شاری تساریتسین لە چەند وڵستگەیەکی شەمەنەفەر کاری پاسەوانی ئەکرد. بە درێژایی ئەو کاتانە بەردەوام بوو لە بەشداری کردن لە خولی خۆ فێرکردن وخۆپێگەیاندن چەند جارێکیش دەست بەسەر کراو خرایە ژێر چاودێری پۆلیسەوە. لەو کاتانە بیرکەی پەیوەندی کردن بە " گروپەکانی تۆلستۆی" کە لەهەموو ڕوسیا بۆاو بووە بەسەریدا زاڵ بوو. گەنجانی ئەم گروپانە هەڵئەستان بە دامەزراندنی کێڵگەی کشتوکاڵی وکارکردن تیایاندا دوور لە شارەکان. ئەم بزوتنەوەیە گەڵک نوسەری بەلای خۆیدا ڕاکێشا وەکو تشیخۆف، بۆنین، لیونید ئەندرێف، هی تریش. گەڕکی لەگەڵ کەمەڵک گەنج ڕێک کەوتن لەسەر ڕوکردنە تیشخۆف بۆ ئەوەی پارچەیەک زەوی کشتوکاڵیان پێ ببەخشی بەمەبەستی دروستکردنی کێڵگەیەک. بۆ ئەم مەبەستە گەشتێکی نهێنی بە خێشاردنەوە لە ناو شەمەنەفەر دەست پێکرد بەبۆ بلیت وبە پێ وتاگەیشتە باخی "یاسنایا بۆلیانا". بەڵام تۆلستۆی لەوێ نەبوو هاوسەرەکەی ووتی چووە بۆ مۆسکۆ. بەدوایدا چوو بەڵام لەوێش نەیبینی، نامەیەکی بۆ نووسی وتیایدا بیرکەکەی باسکرد وداوای یارمەتی لێ کرد بەڵام تۆلیستۆی کە خۆشی بەم بیرکانە نا ئەهات

وەڵامی نەدایەوە. گۆرکی مەبەستی بوو کۆمەنیەیەک دابمەرزینێ وتیایدا جێگیر بێ بە هۆمنی بیر لە بەسەرهاتی ژیانی ئابوردوی بکاتەوە. ئەم پرۆژەیەی سەری نەگرت چونکە داوا کرا بێ بەجێهێنانی خزمەتی سەربازی لە شارە کۆنەکەیان نیجنی نەفگرێد.

بەڵام لە سەر ئاپۆرتی لیژنەی پزیشکی وبەهۆی نەبوونی توانای جەستەیی لە خزمەتی سەربازی قبوڵ نەکرا. ئەلیکسی دەستی کرد بە فرۆشتنی خواردنەوەیەک کرد بە ناوی "کفاس" (خواردنەوەیەکە لە نانی جۆ دروست ئەکرێ بەڵام ئەلکهولی تێدا نیە، بێ پاراستن لە گەرمای هاوین بە سودە). دواتر بوو بە نوسەر لە ئۆفیسی نوێنەری گشتیەک بە ناوی لانین بەرامبەر ٢٠ ساڵ لە مانگێکدا. موچەکەی خراپ نەبوو، کارەکەشی زۆر قورس نەبوو، بەڵام ئەڵکسی هەستی بەنامۆیی ئەکرد لەناو ئەو ڕۆشنبیرانەدا بۆیە ئەوکارەی بەێ هۆشت ودوبارە گەشتێکی دەست پێکرد بە ناو ڕوسیادا. گەڵک کاری تری کرد لە بەندەرە ئاویەکان وپرۆژە بیناسازێکان وکاری تریش. لە کارکردنی لە ئۆفیسەکەی لانین چانسی خوێندنەوەی کتێبگەڵکی دەست کەوت کەوا سەرتاپای بیرکردنەوەی گۆڕی. لەو کتێبی " زەردەشت ئاوای ووت" کەتیایدا ئەڵ مرۆڤ ئەقەی گوزانەوەو تیاچوونە. مرۆڤ وەکو "پردێکە" کە سروشت دروستی کرد لەنێوان مرۆڤی باڵا وئاژەڵ. بیرۆکەی "مۆڤی باڵا" جێگیر بوو لە بیری گۆرکیدا وەنگدانەوەی هەبوو لە کارە ئەدەبیکانیدا لەوانە شانۆگەری "فەلسفە" ئامۆزی "چێپاو" کە بەزمانی ساتینەوە ئەڵ:"مرۆڤ حەقیقەتە.. مرۆڤ چەند سەیرە! چەند مایەی شانازیە ئەم ووشەیە-مرۆڤ".
گۆرکی لەمەی قستەنتین ستانیسلافسکی وڤلادیمێر نیمیرۆڤیچ-دانشینکۆ دەرهێنارانی شانوگەرەکەی کرد لەبەر ئەوەی بەتەواوەتی لە مەبەستی تێنەگەیشتوون. کاتێک باسی مرۆڤ ئەکات لە شانۆگەرێکە کە دەوڵەت بەزەحمەت ڕۆی نمایشکردنی دابوو مەبەستی لە مرۆڤی"باشترین" ە، نەک مرۆڤی سەرخۆش ونەزان ومرۆڤی چێپاو. نیتشە لەو کاتەدا جێ سەرنج وگرنگی پێدانی نەوەندە ڕۆشنبیریە ئەوروپیەکان نەبو، تەنانەت هەندێک بە فاشیلیان دائەنا. بەڵام گۆرکی لە ساڵی ١٨٧٩ لەسەری نووسیویەتی ئەڵ:".. بە قەدەر زانیاری خۆم من نیتشەم بەدڵە، لەبەر ئەوەی دیموکراتیم بە زگماک وبە هەست بۆیە چاکی ئەبینم کە دیموکرازە کردن ژیان لەناو ئەبات وسەرکەوتن بێ مەسیح نابێ وەکو هەندێک باوەڕیان وایە بەکو سەرکەتن بێ گەدە ئەبێ " … هەروەها نووسیویەتی " نیتشە مژدەی "لەش ساغ" ی ئەدا. دواتر کاتێ گۆرکی گەیەوە بێ یەکێتی سۆڤێت لە سیەکانی سەدەی ئابردوو مژدەی "لەش ساغ" ی وتەندروستی ئەبەخشیەوە وەکو بەرزترین بەهایەک لە لای

گەنجانی سۆڤێت.

بە شێوەیەکی گشتی سەرسامی گۆرکی بە نیتشە ئەگەرچەوە بۆئەو بۆچونەی خۆی کە پێی وابوو نیتشە بەرهەستی شۆڕشگێڕی بورژوازی کرد وناڕازی بوونی بەرامبەری ڕاگەیاند. بۆ زانینیش، لێکۆڵەوەرەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدە ئاماژەیان بە نزیکی بیری نیتشە لە سەرەتایدا لەگەڵ بیری سۆسیالیستی دابوو. هەرچەندە زۆری نووسەران ڕەخنەیان لەم هەڵوێستەی گۆرکی هەبوو لەسەر نیتشە. بەڵام گۆرکی هەڵوێستی بەرامبەر نیتشە گۆڕی دواتر وبە سەرچاوەی نازیەت وەسفی ئەکرد لە نووسینەکانیدا لە سەردەمی سۆڤێتدا-"لەبارەی بورژوازی بچوکەوە" (١٩٢٩) وە" لەبارەی مرۆڤی کۆن ونوێوە" (١٩٣٢) و "گفتو گۆ لەگەڵ لاوان"(١٩٣٤).

گۆرکی دواتر یەکەمین کتێبەکانی کرد بە دیاری بۆ سەرچاوەی نیعمەتەکەی لانین. کەرژگارێک کتێبخانەکەی خستبووەوە ژێر دەستی وهەڵی ئاشنا بوونی بە فەیلەسوفە ئەوروپێکان بۆ ڕەخساند. دواتر لەم بارەوە "زیانەکانی فەلسەفە"ی نووسی لەژێر کارتێکردنی خوێندنەوەکانی لەو. شایانی وتنە ڤوسیا لەو ساڵاندا دەرکەوتنی کەسانی شۆشنبیری لە هەرێمە جیاوازەکانیدا بەخۆوە بینی، کە هەریەکەیان بە قوتابخانەیەکی فەلسەفی دائەنرێت پێشەنگیشیان تۆلستۆی بوو. ڕەخنەگران لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە گۆرکیان لە ڕیزبەندی ئەدیبە مەزنەکانی ڤوسیا دائەنا، بۆ نمونە کارەکانی بە تیراژی زیاتر لە کارەکانی تیشخۆف دەر ئەچوون. لە نۆوەندە ئەدەبیە ڤوسکاندا گۆرکی بە نوێنەری "شۆشنبیری ئەلتەرناتیف" دائەندرا کە کۆمەڵگا بەدوایدا ئەگەڕا لێو کاتەوەی کە یەکەم چیرۆکی "ماکار تشودرا" لە ڕۆژنامەی "قەوقاز" لە تەفلیس (تەبلیسی ئێستا) وکۆمەڵە چیرۆکی "مقالات وقصص" دەرچون.

3

لەکاتی هەڵکشانی ئەستێرەی گۆرکی وەکو نوسەرێک وداهێنەری شێوازێکی نوێ، نووسەر ئیڤان بۆنین لەبارەیەوە ووتی:" لەگەڵ یەکەم چاوپێکەوتن لەگەڵیدا ناوبانگی لە هەموو ڤوسیا بڵاوبوەوە، دواتر تەنها ناوبانگی زیادی ئەکرد". شۆشنبیرانی ڤوس سەرسام بوون پێی تا ڕادەی شێتی.. وهەموو کارێکی نوێی ئەبوە ڕووداوێکی گەورە لە هەموو ڤوسیا. بەڵام خۆی لە گۆڕانی هەمیشەیدا بوو- نەک تەنها لە شێوازی ژیانی بەکو لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵکیشدا". ڕاستکەی ناوبانگی گۆرکی زۆرێک لە نووسەرە ناسراوەکانی هاوەمی خۆی ناڕەحەت کردبوو. وێنەکانی لە هەموو شوێنیک ئەفرۆشرا، گەنجان لە ناوچەی جیا جیا

لاسایی شۆوازی جل پۆشین وقژداهێنان وجوڕەو چۆنیەتی ئاخاوتنیان ئەکردەوە. (بەم بۆنەیەوە شایانی ووتنە یەکێک لە ئەدیبە عێراقیکانی ساڵانی پەنجاکان وشەستەکان، لاسایی گۆرکی ئەکردەوە وئەگەر بوترایە لە گۆرکی ئەچی؛ ئەوە بە پێدا هەڵدان ئەیژمارد.) تۆلستۆی لە پێشەنگی ڕەخنەگرانی گۆرکی بوو، پێشەکی بە پیاوێکی ناستەقینەی سەر بە گەلە چونکە توانی سەرنجی خوێنەران بۆ مرۆڤی "نۆوچێپاو" و "بەتەواوی داتەپیو"، پەلکێش بکات کە هەموو ئەزانین ئەو مرۆڤانە برای ئێمەن- بەڵام تەنها زانینێکی ووکەشانە. بە گوتەی تۆلستۆی، گۆرکی ئەو مرۆڤانەی بە شێوەیەکی پڕ لە خۆشەویستی تۆر وتەسەل وێنا کردوە بە ئامانجێک کە خۆشویستنی ئەو مرۆڤانەی خستۆتە دڵی خوێنەرانەوە. بەڵاستی قسەکانی زیادەڕۆی تێدایە بەڵام جێی لێبوردنە؛ لەبەر ئەوەی" ئامانجی خۆشویستنی ئەو مرۆڤانەی لە لا زیاد کردین".

ئەبۆ دان بەوەدا بنرێت بیری تۆلستۆی و، تۆلستۆی وەکو نوسەرێک کاریگەری لەسەر گۆرکی هەبوو، وەکو خۆی ئاماژەی پێ کردبوو لە کتێبەکەی لەسەر تۆلستۆی. ناوبانگی گۆرکی دوای تەنها پێنج ساڵ لە بڵاوکردنەوەی یەکەمیـن کەمەڵە چیرۆکی، ناوبانگی نووسەرانی هاوچەرخی خۆی وەکو تشیخۆف وکۆرۆلینکۆ وچەندی تریشی داپۆشی بوو. تۆلستۆی لەو ڕۆژگارە درکی بەوە کرد کە نەوەیەکی نوێ لە ئەدیبی ریالست لە ڕوسیا دەرئەکەوێت وەکو گۆرکی وبۆنین وئندرۆف وشمیلیوف وهی تریش کە نوێنەری سەردەمێکی نوێی ئەدەبی ڕوسی ئەکەن. گۆرکی خۆی وەکو نوسەرانی سەردەمی خۆی، ئاوا سەیری تۆلستۆیان ئەکرد وەکو بڕێی لە "پلەی پەرستندا" بێت نەک تەنها وەکو نووسەرێک بەکو وەکو کەسێکی ڕوحانی کە ئەو بیرۆکانەی بڵاوی ئەکردنەوە کەنیسەی توڕە کردبوو ولێی حەرام کرا بوو. گۆرکی لە ژێر کاریگەری بیری سۆسیالیستیدا مەودای دابڕانی لە کەنیسە لە تۆلستۆی گەلێک زیاتر بوو، چونکە لە ژێر کاریگەری فەیلەسوفە سۆسیالیستەکاندا بوو. هەندێک لە ڕەخنە گران پێیان وابوو ناڕازی بوونی تۆلستۆی لە گۆرکی لەبەر (غیرە) بـووە – هەرچەنـدە ئەمـە قسـەیەکی بۆ مانـایە-، بەتایبەتی دوی نمایش کردنی شانۆگەری "چێپاو" لە بەرلین وچەند شارێکی تری ئەوروپا کە سەرکەوتنێکی بۆ وێنەی هەبوو. هەروەها گەشتەکەی گۆرکی بۆ ئەمەریکا لەگەڵ ژنەئەکتەر ماریا ئەندرۆڤا کە هاوسەری ناشەرعی بوون. هەموو ڕۆژنامە ڕوسی وئەمەریکێکان هەواڵی سەردانی وکۆبونەوەکانیا نی لەگەڵ نوێنەرە ڕۆشنبیریە ئەمەریکیان بڵاو ئەکردەوە. تۆلستۆی لە ڕۆژانە نووسینەکانیدا ڕەخنەکانی لەسەر کارەکانی گۆرکی کە لەو ڕۆژانەدا بڵاو ئەکرانەوە تۆمار کردوە وبە کارگەلێکی "خراپ" و "ناڕاست" وەسفی کردون. ئەگەری زیاتر ئەوەیە

که تەلستەی پێشەنگی ئەو کەسانە بوو کە هەستیان ئەکرد گۆرکی هەڵگری هەوشتگەلێکی نوێیە کە زیاتر سەرنجی گەنجان ڕائەکێشێ. فەلسەفەی تەلستەی کە بنیاد نراوە لەسەر ڕزگار بوونی تاک بە کاری خێر بێ گۆڕینی کۆمەڵگا، بەرامبەر بوەوە لەگەڵ فەلسەفەی گۆرکی لە کاری "خێری بەکۆمەڵ" کە سۆسیالیستی بەنگەشەی بۆ دەکرد. بەڵام پەیوەندی تەلستەی وگۆرکی هەر بە هێزی مایەوە تا کاتی مردنی. هەرچەندە سۆفیا تەلستایای هاوسەری تەلستەی هەستی بە سەغڵەتی ئەکرد کاتێک گۆرکی سەردانی بکردنایە.

وادیارە کە بەناوبانگی گۆرکی لەگەڵ مردنیدا وەکو "مێدەیەک" کە کاتی بەسەر چووبێ کەتایی هات. هەوادارانی ئەدەب وەکو جاران پێشکین وگۆگۆل وتەلستەی ودستۆفسکی لە ڕیزی پێشەوە دائەنێن. ئێستا گۆرکی چیتر ئەو پایە بەرزەی کە هەیبوو وەکو ئەدیبی پلە یەک لە ڕوسیا وەدەرەوەی ڕوسیا نەماوە. هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە بڕاو کرانەوە لەسەر ئەدەبی گۆرکی لە سەردەمی سۆڤێتدا لەژێر چاودێری بەشی ڕۆشنبیری لە لیژنەی ناوەندی حیزب دەرئەچوو کە پابەندی کۆمەڵێک بریاری سیاسی بوو لە بواري ڕۆشنبیریدا تەنانەت هەموو گفتوگۆ وخیتابە کانی کە لەو کاتە بڕاو کرانەوە لەژێر چاودێریدا بوون، چاودێری خێیی لەترسی سەرکردەکان، یان چاودێری توندی حزبی (وەکو خیتابەکەی لە یەکەمین کۆنفرانسی یەکێتی نوسەرانی سۆڤێت). لەبەر ئەوە هەسەنگاندنەکان تا ڕادەیەکی زۆر بەسیاسیکراو ئەمێننەوە. بەڵام پێش شۆرشی ئۆکتۆبەر کارگەلێکی ڕەخنەیی جدی لە سەر داهێنانی گۆرکی بڕاو کرایەوە، وەکو خوێندنەوەکانی نووسەر کۆرنێ چایکۆفسکی (نوسەری بەناوبانگی چیرۆکی منداڵان کە لە دوای شۆرش وازی لە کاری ڕەخنەگرتن هێنا ولەگەڵ گۆرکی زنجیرە "ئەدەبی جیهانیان" دەرئەهێنا). لە خوێندنەوەکەی کە بۆ ڕوحی ئۆراسی (ڕۆژهەڵاتی) وڕوحی ڕۆژئاوایی گۆرکی کردی لە ساڵی ١٩٢٤ بەناونشانی "هەردوو ڕوحی گۆرکی"، نووسەر خەمڵاندنێکی زۆر بابەتییا نە بۆ کەسایەتی ئەدەبی گۆرکی ئەکات کە کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکەی بە پلەی یەکەم بەسەریدا زاڵ بوو. لە سەردەمی سۆڤێتدا ووتەکانی وەکو: "دوژمن ئەگەر تەسلیم نەبوو ئەبێ لەناو ببرێ"... هەروەها خوێندنەوەکە کۆمەڵێ مەقالەی تێدایە کە چایکۆفسکی نوسیبوی لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٠ هەتا هەڵگیرسانی شۆرشی ئۆکتۆبەر١٩١٧. ئەم ڕەخنەگرە بەوە ناسرابوو کە بڕوای بەسەرتوژی کارە ئەدەبیکان نەبوو بەکو ڕۆئەچووە خوارێ بەناخی کارەکەدا. کاتێک تشایکۆفسکی خوێندنەوەیەکی لە سەر کارەکانی گۆرکی نووسی ڕەخنە گران هێشتا یەک ڕانەبوون لەسەر پاشخانی (باکگراوند)

ئایدۆلۆجی گۆرکی، بە شێوەنکەوتوی بیری نیتشە، یان بە بانگەوازکەری شۆڕش، یان وەسفکەری ژیانی چەڕانەی کۆمەڵایەتی وەکو خۆی، یان وەسف ئەکرد. بەڵام کە چەڕان تێپەڕین بۆچونەکان لەسەری گۆڕان وبە "بەهرەیەکی دەگمەن" و "تاکەو" یان دائەنا.

ئاشکرایە گۆرکی کارە بنچینەییەکانی کە ناوباگی جیهانی بۆ هێنا، هی پێش شۆرشی ئۆکتۆبەر بوون. لە سەردەمی سۆفیتدا هەندێک کاری تەواونەبوی کە لە چەڕانی ئاوارەبونیدا دەستی پێ کردبوو تەواو کرد لەوانە چەمانی گەورەی "ژیانی کلیم سامگین". تشایکۆفسکی باوەڕی وایە کە گۆرکی یەکەمین نووسەری ڕوسیەیە کە باوەڕی بەوەیە ملیۆنەها کەسی سەر ئەم ئەستێرەیە ئەتوانن ژیانیان بنیاد بنێن ولە دڵەخەوە بیکەن بە بەهەشت. بەکار کردن کۆشکێک لە بلوور دروست ئەکەن بۆ نەوەی داهاتوو هاواری تیادا بەرز نابێتەوە وفرمێسکی تیا ناڕژێ و "نە کێیلە ئەبۆ ونە گۆڕی بۆ خاچ" هەموو بابەتی داهێنانی گۆرکی " گرنگیدان بەم داهاتوە بەختیارەیە". گۆرکی عەودالی گەلان بەشوێن خوادا یان حەقیقەتدا نیە، بەڵکو عەودالی بەختیاریە. ئەو بەختیاریەی کە یەکسان بێت بەو نەهامەتیەی کە لەژیانی کەسانی چواردەوری بینی لە منالیەوە. مەبەست لە هەموو کارەکانی لە شیعر وپەخشان "گۆڕینی مرۆڤایەتیە". ئەم شتە بوو زیاتر وای لێکرد پاڵپشتی بزوتنەوەی سۆسیالیستی شۆڕشگێری بێت. لە خەڵکی سادە، زۆر قی لە پیاوی (مەجیک) بوو، پیاوێک، نەزان لە ژیاندا تەنها کاری قورس وخواردنەوەی قەدگا وشەڕ ودڕەقی ولێدانی ژن بەپێاو ئەزانێ. ئەو مەجیکەی کە هاوسەرەکەی بەستبوو بە عەرەبانەیەکەوە ولەبەر چاوی خەڵک بە قامچی لێی ئەدا وپێئەکەنی بەتاوانی ناپاکی(خیانەت) وئەیگۆڕا بەناو دێدا. خوێن بەلەشیا ئەهاتە خوارێ لە دیمەنێکی پێ لە سادیەت بۆئەوەی کەسێک هەوڵی ڕاگرتنی بدات. بەڵام گۆرکی لەهەمان کاتدا بەزەیی بەو مەجیکەدا ئەهاتەوە. خوێنەر ڕەنگدانەوەی بەزەیی لە هەموو کارەکانیدا بەدی ئەکات، تەنانەت لە هەڵس وکەوتی چەڕانەیشیدا. ئەم بەزەیی هاتنەوەی گۆرکی لینینی بۆزار ئەکرد لەبەر ئەوەی گۆرکی بەزەیی بە چەشنبیرە بورژوازەکانا ئەهاتەوە کاتێک لینین وڵات بە دەری کردن بە کەشتیەک کە ناونرا "کەشتی فەیلەسوفەکان". ئەمە ئەو کەشتیە بوو کە چەشنبیرانی پێ ڕزگاردرایە دەرەوەی ڕوسیا دوای شۆرش. ئەم کارەش بە هەوڵی گۆرکی کرا چونکە ئەگەر وانەبوایە سزای قورستر چاوەڕێی ئەکردن. لەڕاستیدا گۆرکی لە دەربڕینی هەستی بەزەیی بەرامبەر بە ئازاری خەڵک لە سەروی هەموو نوسەرە ڕوسەکانەوەیە. بەڵای ئەو، مرۆڤ بەرجەستەی ئازار ئەکات کە ئەبێ کەم بکرێتەوە. وبەچاوێکی سوکەوە سەیری مردن ئەکات چونکە

بەڵای ئەو ژیانی مرۆڤ لە مردن سەختترە. بۆیە ئەبێ بیر لە مردن نەکەنەوە بەڵکو بیر لە ژیان وچۆنیەتی گۆرینی بکەنەوە بەرەو باشتر.

بەمجۆرە گۆرکی ڕقی لە مرۆڤی نەزان بوو، لە هەمان کاتدا بەزەیشی پێدا ئەهاتەوە. هەر لە مناڵیەوە هەوڵی ڕزگار کردنی خۆی وکەسانی تری ئەدا بە دەرهێنانیان لە ژیانی بێ مانا، ژیانێک کە زیاتر لە ژیانی ئاژەڵ ئەچێت. بەبۆچونی ئەو، ئەو مرۆڤانە وەکو نەخۆشکەن کە جەستەی هەمو بڕین وچڵک وگرێیە کە بە" ئەسیایی وناژەهاتی ومەنگوڵی" ناوزەندی ئەکردن...بەڵام مرۆڤەکەی تر کە ئەو پێشبینی ئەکرد؛ مرۆڤکە بەهرەدار، جوان، وپیرۆز لە سەرەتاوە، تەنها بە لابردنی بڕین وچڵکو گرێکان سەر لەنوێ ئەبێتەوە بە مرۆڤکی پاک ولەش ساغ وجوان. بەم شێوەیە "باوەڕی گۆرکی" دروست بوو وبەدناژایی ژیانی داهێنەرانەی بە نەگۆڕاوی مایەوە. پەیامی لە ژیاندا چارەکردنی دەردە کۆمەڵایەتیەکان بوو. بۆیە لەسەرەتای ناوەڕاستەوە ئەدەبیدا ڕەمانسیەتی هەبژارد وەکو دەرمانی هەموو دەردێ کۆمەڵایەتێکان. لە پێش هەموپانەوە دێرەقی کە سیفەتێکی ڕوسەکانە و بەرامبەری کرابوو بە بەردەوامی لە سەردەمی منداڵیدا. گۆرکی لە پێشەکی کتێبی "مەقالەکانم نوسیویەتی: "زۆر سەبرم کرد بە ناچاری بۆ گوێ گرتن بەبۆ گوێدان لە ئامۆژگاری کردن لەسەر مل کەچ کردن وسەبرکردن. وە من ئەم داوایە قبوڵ ناکەم، بەبۆ گومان بە زیانی ئەزانم بۆ وڵاتەکەم". لەبەر ئەمەیە کە ئەو "ئاسیا لە خوێنی ڕوسەکاندایە" ئەمەش هۆی هەموو نەخێشیە کۆمەڵایەتیکانی وەکو خراپی بەرێوەبەدنی کاروبار ولاوازی لە خۆگونجاندنە لەژیاندا. گۆرکی لە زۆربەی کارەکانی ئەم ئاسیایە بە تاوانبار ئەزانێت لە هەموو ئەو دەردانەی کە توشی کۆمەڵگای ڕوسی بووە لە ئاێندە بوون بە ئەلکهۆڵ لەگەڵ بەدخۆراکی (ئەوروپێکان ئالکهۆڵ ئەخێنەوە بەڵام خواردنی باشیشی لەگەڵ ئەخۆن) هەروەها تەمەڵی وبوونی مرۆڤگەلێکی وەکو ئەبلۆمۆف وئۆنیگین ورودین (کەسایەتی نەگەتیڤی ناسراو لە ئەدەبی ڕوسیدا) هەروەها ئەو دێرەقی ووەحشییەتە بڕاوەی ناو کۆمەڵگا. گۆرکی هۆی هەموو ئەم نەخێشیە کۆمەلایەتیانەی گەاندۆتەوە بۆ "ئاسیا"، دەرمانی چاکبونەوەکانیشی لە "ئەوروپا" ئەبینی.

ئەگەر هۆی تیاچونی ڕوسیا "ناژەهاێت" بێت ئەوا ڕزگار بونیشی لە "ڕۆژئاوایە". ئەم بۆچونەی گۆرکی کە گوزارشت لە بیروباوەڕی ئەکات لە کتێبی "حکایەتە ئیتاڵیکان" کە پڕە لە مۆسیقاو وخێشی وکامەرانی ڕەنگی داوەتەوە. گۆرکی تێدا باسی کرکارانی جنەوە ئەکات کە چۆن

منا□انی کر□کاره‌کانی بـ□رم که مایه پوچ بوون ئه‌گرنه خ□یان وپه‌نایان ئه‌ده‌ن وخواردنیان بـ□ دابین ئه‌که‌ن. کات□کیش کر□کارانی ترامه‌کان مانیان گرت خه□کی پشگیری ل□کردن به □ووخ□شیه‌وه له‌سه‌ر هـ□ه ئاسنینه‌کان دائه‌نیشتن. گ□رکی مه‌به‌ستیه‌تی بـ□: □□ژهه□ات بـ□وانه.. فـ□ر به.. لاساییان بکه‌ره‌وه. سه‌یری ژیان بکه له □□ژئاوا چه‌ند به‌خ□شی وبـ□ سه‌رئ□شه به‌ر□وه ئه‌چ□ت. ئه‌گه‌ر □وسیاش له ده‌ردی " □□ژهه□ات وئاسیا" □زگاری بـ□ت ئه‌وا وه‌کو ئه‌وان ئه‌بـ□ت. له‌م □وانگه‌یه‌وه هه□و□ستی گ□رکی سه‌رچاوه‌ی گرت له ره‌خنه گرتن له کاری نوسه‌رانی سه‌رده‌می خ□ی، ره‌خنه‌ی له ر□مانی "شه□ وئاشتی" ت□لست□ی و□□مانی "ده‌ست ل□ وه‌ش□نراوه‌کان" د□ستیوفسکی وشیعره‌کانی تویتشیف که به □وحی □وسیدا هه□ئه‌دا.

گ□رکی که ئه‌یویست ژیان له □وسیا وه‌کو ژیانی شارستانی ئه‌وروپی ل□بـ□ت، بیری چوبوو که‌وا خ□یشی زاده‌ی ئه‌م "□□ژهه□اتەیە" وله‌که‌ناری ق□□گا گه‌وره بوو. هه‌ر له منا□یه‌وه به‌سرود وئاوازه ئایین□کان که داپیره ئه‌یوتنه‌وه وچیر□که‌کانی که هه‌مووی له داستانه □وس□کانه‌وه سه‌رچاوه‌ی گرتوه گ□ش کراوه. سه‌ره□ای ئه‌و دیده‌ی هه‌یبوو، هه‌رگیز شت□کی له باره‌ی ژیانی "لایانگرانی □□ژئاوا" له ر□شنبیره □وس□کان نه‌نوسی. به□کو له‌سه‌ر ژیانی چینه هه‌ژاره‌کان وبورژوازیه بچوکه‌کانی دوور له ژیانی خو□نه‌واران و□□شنبیران ئه‌ینووسی. شاره‌زاییه‌کی باشی هه‌بوو له‌سه‌ریان وخ□شی له‌و نـ□وه‌نده پـ□یدا بووبوو. هه‌موو ئه‌دیب و□□شنبیرانی □وسیا له سه‌ده‌ی نـ□زده وسه‌ره‌تای سه‌ده‌ی بیست هیوادار بـ□وون □وسیا بگـ□اته ئاستی ئه‌وروپـ□ا لـ□ه‌وی زانستی و□□شـ□بیری وپیشه‌سازیه‌وه. له‌سـ□ه‌ر ئـ□ه‌و بنه‌مـ□ایه دوو بـ□ه‌ره دروسـ□ت بـ□وو: گ□س□دارسفنیکی (بانگخوازانی پاراوکردنی ناسنامه‌ی □وسی) وزابدنیکی (بانگخوازانی رووکردنه □□ژئاواو لاسایی کردنه‌وه‌ی). قه‌یسه‌ری □وسی بوترسی مه‌زن، یه‌که‌م که‌س بووکه‌مپینی □وکردنه □□ژئاوای ده‌ست پ□کرد. "پـ□نجه‌ره‌ی" له ئه‌وروپـ□ا کرده‌وه له پـ□ترسبـ□رگ بـ□ ه□نانی دروشمی شارستانی ئه‌وروپی بـ□ و□اته‌که‌ی. به□ام لایه‌نگرانی به‌ره‌ی یه‌که‌م هه‌میشه کاروبـ□اری و□اتیـ□ان به‌ده‌سـ□ته‌وه بـ□وو هه‌و□ـ□ی بنیادنـ□انی شارسـ□تانیه‌کی ئ□راسیایان ئـ□ه‌دا به‌سـ□ود وه‌رگرتـ□ن لـ□ه شارتـ□انیه‌تی ئه‌وروپی به□ام نه‌ک لاسایی کردنه‌وه‌ی. له‌نـ□و ئه‌م به‌ره‌دا نوسه‌ری موزیک جلینکا وگروپی موزیکی " گرتنی پـ□نجی" وگه‌وره ئه‌دیبان پـ□شکیـ□ن وگ□گ□ل وت□لسـ□ت□ی وداسـ□تانه‌که‌ی ود□ستیـ□فسـ□کی وتشیخ□ف وش□ل□خ□ف وب□لجاک□ف وگ□رکی خ□ی، فه‌یله‌سوف تشادایف وس□لف□یف وفید□ر□ف وهه‌روه‌هـ□ا و□نه‌ک□شـ□ان سـ□ریک□ف ور□ـ□بین وف□ریشـ□اگین وداه□نه‌ره گه‌وره‌کانی تری □وسی.

لەسەر ئەرزی واقیع، فەلسەفەی گۆرکی لە ژیان، فەلسەفەی ئەدیب بوو. پزیشکێکی ناسیاوی لەسەر هەق بوو کاتێ وتی: خەیاڵ لای تۆ بیرکردنەوەی لۆژیکی داپۆشیوە". بیرکە فەلسەفکان لەلای گۆرکی ئەبڵتە هەزارەها کەسایەتی ووێنەی ئەدەبی لە شۆوازی گۆژەوکی زریانێک، کە بەدەوریدا ئەسورێتەوە تا ئادەی بەهۆشی. جێ پەنجەی ئەو بیرە فەلسەفیانەی کە وەریگرت لە ئەنجامی خوێندنی فەلسەفە لە کاتی گەنجیدا، لە بۆیاریەکانیا دیار بوو کاتی گفتوگۆو دانوستاندەکانی. بەڵام دوور بوو لە داهێنانەکانی کاتێک خەیاڵی رەها ئەکرد. لە بنەڕەتدا، داهێنانی گۆرکی (غەریزی) بوو، بەهۆزیشی لە جۆراو جۆرییی کەسایەتی ووێنەکان بوو کە بینیبونی وناسیبونی لە ژیانە پڕ ئێش ومەینەتی وکارەساتی دڵتەزێن ودژبەیەکی سەیر. داهێنانەکانی شۆوازێکی لۆژیکی وفەلسەفی نیە. لە هەر کتێبێ لە کتێبەکانی دوو روح هەیە: یەکێکیان واقعیە وئەوی تر دروستکراو، ئەمەش لە مەقالەکەی "دوو ڕوح"دا هاتوە. ئەم جیاوازیە ئەبینی ئەگەر کارە ئەدەبیەکانی بەراورد بکەی لەگەڵ مەقالەکانی کە لە بنەکاندا بۆاو ئەکرانەوە لە میدیاکاندا. گۆرکی ئایدیاڵجی چەند جارێک گۆڕی، بەڵام کەسایەتیە ئەدەبێکانی بە نە گۆڕاوی مانەوە. بە دورکەوتنەوە لە "ئاسیا" دەستی پێ کرد بەڵام نە بوو بە "ئەوروپی". دڵی سەرکەنە کرد بەڵام شوێنکی بێ خێی نەدزیەوە لە شار. هەوڵی دا بچێتە نێو ئنتلیجنتسیا بەڵام لە ناخیا خێی بە نامێ ئەبینی تیایدا. بەم جۆرە لە هەموو ژیانی لە چەقی دووڕیانەکاندا مایەوە.

-_____

لە گۆڤاری هانا، ژمارە 2 بۆاوکراوەتەوە ...

نووسەری گوتاری (یادەوەری بە تەنیشت ڕۆمانەوە) چۆن لە ئەدەبی گۆڕانەوە گەیشتووە؟ …

کاروان عومەر کاکەسوور

لە (04.11.2016)دا گوتاری (یادەوەری بە تەنیشت ڕۆمانەوە)م کەوتە بەرچاو. لەو خوێنەرانەم بایەخ بە ناونیشان دەدەن. لەم سی چل ساڵەی ڕابوردوودا بە هۆی لێکۆڵینەوە چەکانی هەندێک لە تیۆرێست و هەخنەسازانی وەک (جیرار جینێت)، (کلود دوشی)، (ڕۆبێرت شۆلز)، (لیۆ هۆک) و ئەوانەی تر چەمکی ناونیشان بایەخی زیاتری پێ درا، بگرە گەیشتە ئەوەی وەک زانست لێی بڕوانرێت، کە بە ناونیشانناسی (Titrologie) ناسراوە. (جیرار جینێت) ناونیشان بە بەشێکی گرنگی (پاراتێکست: Paratext) دادەنێت. لە کتێبی (پالیمپسێست: ئەدەب لە پلەی دووەمدا Palimpsests: Literature in the Second Degree)، کە لە ساڵی (1982)دا چاپ کراوە، بەشێکی تایبەتی بۆ ئەو چەمکە، چەمکی (پاراتێکست) تەرخان کردووە. دەکرێت بە کوردی بیکەینە هاوشانی تێکست، یاخود دەقهاوشانی. ڕاستییەکەی (پالیمپسێست) هەر ماتریالێکە شتی لەسەر نووسرابێت و سڕابێتەوە، تاکوو بۆ نووسینی تر بە کار بهێنرێت. وشەکە لە بنەڕەتدا لاتینییە و لە زمانەکانی تردا گۆڕانی بنەڕەتیی بەسەردا نایەت، بۆیە ئێمەیش وەک خۆی دەینووسینەوە. هێندە هەیە لە ئینگلیزییەکەدا بە کێ هاتووە و لە کوردیدا دەبێتە تاک، بەوەی گرامەری ئێمە وا دەخوازێت. (جینێت) بەم شێوەیە پێناسەی (پاراتێکست) دەکات، کە بریتییە لەو نیشانە و ئایکۆنە لاوەکییانەی، کاریگەرییان لەسەر تێگەیشتنی تێکستە بنەڕەتییەکەدا هەیە و ئەمانە دەگرێتەوە: ناونیشان (title)، ناونیشانی لاوەکی (subtitle)، ناونیشانی ناوەکی (intertitles)، دەروازە (prefaces)، پاشکۆ (postfaces)، سەرنج (notices)، پێشەکی (forwards) و زۆری دیکە.(1)

وەک گوتم یەکێکم لەوانەی بایەخ بە ناونیشان دەدەن، بۆیە کاتێ گوتاری (یادەوەری بە تەنیشت ڕۆمانەوە)م بینی، سەیرم لێ هات و لە خۆمم پرسی باشە، (یادەوەری)، کە بە عەرەبی (ذاکرە) و بە ئینگلیزی (Memory)یە، بۆچی دەکەوێتە تەنیشت ڕۆمانەوە؟ تۆ بڵێی ئەو نووسەرە ویستبێتی یارییەکی زمانەوانی بکات و بە هۆشیارییەوە وای نووسیبێت، بۆیە ئەو ناونیشانە سەیرەی داناوە؟ بەڵام کاتێ گوتارەکەم خوێندەوە، هەر زوو بۆم دەرکەوت هەڵەیەکی مەعریفییە و تێی کەوتووە. ڕاستییەکەی لەگەڵ خوێندنەوەی یەک دوو هێستەی سەرەتادا گەیشتمە ئەو باوەڕەی نووسەری گوتار مادام بە زمانی ڕۆژانە دەنووسێت، لەو دوو چەمکە نەگەیشتووە، بەڵکوو لە دەمی ئەم و ئەوەوە وەری گرتوون، یان وەک خۆی دەڵێت (گوتەی گوتیاران)ن و

بیستوونی. بەپێی ئەو مێتۆدەی بۆ خوێندنەوە هەمە، هەمیشە لەسەر ئەو چەمکانەدا دەوەستم و لێیان وردە دەبمەوە، کاتێ دەکەونە بەرچاوم، بۆیە دەمەوێت بپرسم یادەوەری چییە؟ دیارە ئێمە لێرەدا نامانەوێت بە وردی باسی لێوە بکەین، لە کاتێکدا ئەو چەمکە هەمیشە جێگەی سەرنجی فیلەسۆف و سایکۆلۆجیستان بووە، وەک لای (پلاتۆن)، (ئەریستۆ)، (ئۆگستین) و زۆری دیکەدا دەیبینین، بگرە بە دەگمەن هەیانە خۆی لە قەرەی نەدابێت، بەڵام مادام مەبەستمانە وێنەیەکی گشتیی لێ بە دەستەوە بدەین، ئەوا دەکرێت لای (هێنری برگسۆن)دا بوەستین، مادام ئەو فیلەسۆفە بەشێکی زۆری تەمەنی بۆ ئەو چەمکە تەرخان کردووە. کەواتە ئەو وێنەیە لای ئەو فیلەسۆفەدا دەدۆزینەوە، بەتایبەتی لە بەشی پێنجەمی کتێبی (وزەی هۆشی، یان وزە-هۆشی: Mind-energy)(2)دا، کە لە ژێر ناونیشانی (یادەوەریی ئێستا و پێزانینی ساختە: Memory of the present and false recognition)دا نووسیویەتی. بەگشتی لای (برگسۆن)دا (یادەوەری) هاوواتای (هۆشیاری)یە، چونکە بەبێ یەکەمیان بوونی دووەمیان مەحاڵە. هەروەها پێی وایە یادەوەری وەک وەهمیش دەردەکەوێت.

نموونە بەوە دەهێنێتە کاتێ دیمەنێک دەبینین، یان گۆمان لە گوتەیەک دەبێت، وا دەزانین پێشتر ئەو دیمەنەمان دیوە، یان ئەو گوتەیەمان بیستووە، بگرە ئەو وەهمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی وا هەست بکەین توانای پێشبینیکردنی ئایندەمان هەیە. مرۆڤ کاتێ دنیای دەرەوە بەم شێوەیە دەبینێت، ئەوا لە ژێر کاریگەریی ئەو وەهمەدا خودی خۆی بە نامۆ دەزانێت، بەکوو هەست بە دووفاقییش دەکات.(3) بەم شێوەیە (یادەوەری) بە دیاردەی سایکۆلۆجی دەزانێت، نەوەک بە دیاردەی فیزیۆلۆجی، کە هەستەکانی مرۆڤ دەردەبڕێت، بۆیە پێی وایە یادەوەری دووەم لەوەی ماتریاڵی بێت وەک لە کتێبی (مادە و یادەوەری:Matter and Memory)دا پێی لەسەر دادەگرێت.(4) بەڵێ، لە دیدی ئەمدا ئەو وێنەیەی لامان دروست دەبێت پێوەندیی بە هۆشمانەوە هەیە، بۆیە دەچێتە ئاستی (دیورەیشن: Duration)(5) و (ئینتیوەیشن: Intuition)ـەوە، کە ئەم چەمکانە لای ئەودا مانای تایبەتیان هەیە، بەوەی پێوەستن بە زەمەنەوە و زەمەنیش بریتییە لە کەڵەکەکردن و بەردەوامی. بە مانایەکی تر بەردەوامبوونی ڕابوردوو و گەشەکردنی، تاکوو ئەوەی دەبێتە داهاتوو، کە ئەمە هاوشانی دڕخە دەروونییەکانیشە. لێرەیشدا یادەوەری بە هۆی ئەو بەردەوامییەوە گەورە دەبێت و گەشە دەکات. دەکرێت زۆر لەوە زیاتر لەبارەی (یادەوەری)یەوە لای ئەو فیلەسۆفەدا بدۆزینەوە، کە پێشتریش لە گفتوگۆکانمدا لێوەی دواوم، بەوەی هەمیشە لەم ڕووەوە کێمەکی

کردووم، خ ئەگەر پ ویستی کرد، بی دەگەمەوە، بەام هندە بەسە بزانین (یادەوەری) هاوواتای (هشیاری)یە. باشە، مادام وایە، چن دەکەوتە تەنیشت مانەوە؟ ئەو نووسەرە چن بەو شوەیە لەو چەمکە گەیشتووە؟

گوتارەکەم تەواو کرد، ب ئەوەی نەک تیدا ووبەووی هیچ زانیارییەکی نو ببمەوە، بەکوو هەر خرا بم دەرکەوت نووسەرەکەی ئەو زانیارییە سواو و کانانەیشی بە نیوەچی گواستووەتەوە. نایشارمەوە هەندک ستەم هاتنە بەردەم، کە باوەم نەدەکرد ژک لە ژان هیچ نووسەرک بیاننووست. ب نموونە دەت یادەوەری دەقە، دواتر لەوەیش دوورتر دەوات و دەیکاتە ژانر، ب ئەوەی دوور، یان نزیک بە لای پناسەی دەق و ژانردا بچت، تاکوو بزانین مەبەستی لەوانە چییە. هەر شتک ئستا بیت، کەمک دواتر پچەوانەکەی دەخاتە شونی، ب ئەوەی بزانت بچی وای کردووە، کە ئەمە متدی هەموو ئەوانەیە بە تگەیشتنی میللی و بە زمانی ژانە لەبارەی ئەو چەمکانەوە دەنووسن، بەوەی تەنیا بیستوویانن و ئاگایان ل نییە چن کاریان پ کراوە. بە پویستم زانی بە متدی پرسیار ووبەووی ببمەوە، چونکە باوەم نییە هیچ شتکی دیکە هندەی پرسیار هزی هبت ئەو چەمکانە لە ژر دەستەاتی تگەیشتنی میللیدا دەربهنت و بیانخاتە ئاستی ترەوە. هەر خرا نامەیەکم لە ی ئیمەیەوە ب نارد، کە کمەک پرسیاری لە خ دەگرت، بەام چوار مانگ زیاتری بەسەردا تپەی، ب ئەوەی وەام بداتەوە، بیە نەمویست بگاتە پنج مانگ و یەک دوو جاری دیکە بیم نارد‌ەوە. هشتا وەامی نەدایەوە. {بیارم دا لە ی (گران عەبدولا)ی هاومانەوە بی بنرم. پی گەیشت و نامەیەکی کورتی ب نووسیم، کە ئەمەی تدا هاتووە: دەمکە ئاگای لە ئیمەیەکەی نییە، بیە نەیزانیوە نامەیەکی وای پ گەیشتبت... ئەوە بوو منیش نەک هەر نامەکە، بەکوو ئەم پشەکییەیشم ب نارد و چەند دکیشم هەر لەو بارەیەوە نووسی. ئەویش دوای خوندنەوەی، نامەیەکی ب ناردووم و تیدا دەت، کە دەتوانم ئەم نامەیەم، مەبەست لەم گوتارەیە، باو بکەمەوە.

لەوەدا باسی ئەوەی کردووە ئامادەیە کاتی دەمبینتەوە، باوەشم پدا بکات، چونکە من لە نامەکەمدا هیوایەکی وام خواستووە. واتە ئەو پرسیارانە نەبنە هی تکچوونی پوەندیی نوانمان. لرەیشدا سوپاسی ئەو هەستە جوانەی دەکەم، کە ئەمە لای من مانایەکی گەورەی هەیە، بەام نایشارمەوە حەزم دەکرد لانی کەم لەبارەی ئەو

پرسیارانەوە هەندێک قسەی هەبن، لە کاتێکدا نەک هەر پێوەندییان بە گوتارەکەیەوە هەیە، بەڵکوو پێوەستیشن بە کۆمەڵێک چەمکی ئەدەبی گرانەوەوە. هیوام دەخواست پێش بڕاوکردنەوە گفتوگۆیەکی قوول لەبارەی ئەو تێرمانەوە بکەین، بۆ ئەوەی بابەتەکەم بە شێوازێکی تر بچووایەتە بەردەمی خوێنەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو هەستەی وەک گوتم جوانە، بگرە دەڵێم لە کەلتووری ئێمەدا دەگمەنە. پێم وایە ئەگەر نەوەکانی پێشوو بابەتەکانی خۆیانیان بەر لە بڵاوکردنەوە بۆ یەکتر بنارداید، لە ئاستی باڵاتر و بە شێوازی چاکتر چاپ دەکران و ئەمڕۆ ئێمە هەم لە لایەک نەدەکەوتینە ژێر باری ئەو کەلتوورە ناشیرین و دواکەوتووەی شەڕەجۆن و لە لایەکی ترەوە لە ئاستێکی بەرزتری بیرکردنەوەدا دەماننووسی}.

ئەم پێشەکییەم لەبەر سێ خاڵ بە پێویست زانی: یەکەم، تاکوو ئەگەر بە کورتییش بێت هەردوو چەمکی (ناونیشان) و (یادەوەری)ی تێدا ڕاڤە بکەم، ئەگەرچی لە نامەکەیشدا کەموزۆر باسیان لێوە کراوە. دووەم، لەبارەی هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو پرسیارانەوە چەند وشەیەک بڵێم، کە چۆن ناردوومن و وەڵام نەدراونەتەوە. {دواتریش چۆن لە ڕێی (گۆران عەبدوللا)ـەوە توانیومە پێی بگەیەنم}. سێیەم، پێم خۆشە ئەم ئەزموونەم بخەمە بەردەم ئەو خوێنەرانەی نایانەوێت بە ئاسانی نووسینی وایان بەسەردا تێ بپەڕێت، بەو مەبەستەی ببێتە جێگەی گفتوگۆیان، بۆیە نامەکە وەک خۆی بڵاو دەکەمەوە، لە کاتێکدا تەنیا پێوەندیی بە گوتارەکەوە هەیە و بە هیچ شێوەیەک بە لای کەسایەتیی نووسەرەکەیدا ناچێت.

ڕەنگە خوێنەر بپرسێت ئاخۆ گوتارێکی لەم شێوەیە ئەوە دەهێنێت لەبارەیەوە بنووسیت. وەڵامی من ئەوەیە لەبارەیەوەم نەنووسیوە، بەڵکوو پرسیارم لێ کردووە. هەموو ئەو چەمکانەی لێرەدا فڕێ دراون و هێنراونەتە ئاستی میللییەوە، لای فیلەسۆف و ڕەخنەسازاندا بە شێوەی ترن و کاری گەورەیان لەسەر کراوە. واتە خاڵی هاوبەشیان تەنیا ناویانە، کە هەر نووسەرێک چەند سادەیش بێت دەتوانێت بە شێوەی کیریەسیتی (فزووڵی) ناوی دەیان چەمک ببیستێت و بە زمانی سادە لێیانەوە بدوێت، بەڵام ئایا ئەو چەمکانە بەو شێوەیەن؟ ئەمە پرسیارەکەیە! بەڵێ، ویستوومە لە ڕێی پرسیارەوە ڕایەڵ (لینک) و کۆنتێکست (سیاق)ـەکانیان بدزمەوە، بەو مەبەستەی مەودایەک لەنێوان ئەمانە و ئەواندا دروست بکەم. مادام پرسیار بۆی هەیە بگاتە هەموو کونجێک، بۆ ئەوەی هێزی خۆی لە دەست بدات، ئەوا لەو دیدگەیەوە ئەم نامەیەم نووسیوە. هەموو فیلەسۆف و ڕەخنەسازانی

دنیایش پەوەستی تێگەیشتنی هاوچەرخی خۆیانن. بە مانایەکی تر، ئاستی ئەو تێگەیشتنە باوە ئەوە دیاری دەکات تێ کار لەگەڵ چیدا دەکەیت، هەخنە لە چی دەگریت و چی تێ دەپەڕنیت، بۆیە پێم وایە ناکرێت ئێمە خۆمان لەو گوتارانە دوور بگرین، مادام بمانەوێت و نەمانەوێت بەشێکی گەورەی تێگەیشتنی ئەمڕۆمان پێک دەهێنن، بەڵام ئەوە گرنگە چۆن لێوبەلێویان دەبینەوە.
ماوەتەوە باسم نووسەری گوتارەکە ناوی (کەریم کاکە)یە، کە لەم چەند ساڵەی ڕابوردوودا کۆمەڵێک کتێبی لە بواری ئەدەبی گەڕانەوەدا نووسیوە.

---

(1) Gerard Gallant, Palimpsests. Literature in the Second Degree, translated by Channa Newman and Claude Doubinsky, Published by University of Nebraska Press, 1997, p.3
(2) ئەگەرچی وشەی (Mind) لە بەرانبەر (ئەقڵ)، یان (هۆش)ی کوردیدایە، بەڵام پێم وایە وەرگێڕانی وشەی (spirituelle)ی فرانسی بۆ کوردی لە (Mind) گونجاوترە، کە مانای (ڕۆحی) دەگەیەنێت و هەر ئەوەیشە مەبەستی (برگسۆن). کتێبەکە خۆیشی لە بنەڕەتدا بەو زمانە نووسراوە.
(3) Henri Bergson, Mind-Energy, lectures and essays, translated by H. Wildon Carr; lectures and essays, Edition, reprint, Publisher,Greenwood Press, London, 1975, p.134
(4) Henri Bergson, Matter and Memory, translated by Nancy Margaret Paul and W. Scott Palmer , Published November 8th 1990 by Zone Books (NYC).
(5) ڕاستە (دیورەیشن: Duration) زیاتر بە مانای (ماوەی زەمەنی) دێت، بەڵام لای (برگسۆن)دا فۆکەس دەکەوێتە سەر مانای دووەم، کە (بەردەوامی)یە. ئەزموونکی سایکۆلۆجییە و پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ناوەوەی مرۆڤەوە هەیە. (یادەوەری)یش بەشێکی دانەبڕاوی ئەو پرۆسەیە.

نامەیەک بۆ نووسەری گوتاری (یادەوەری بە تەنیشت ڕمانەوە) تۆ چۆن لە ئەدەبی گەڕانەوە گەیشتوویت؟

بۆ ڕای خۆشەویستم، کاک کەریم کاکە!
ئێم بدە وەک هاوپێڵ و هاوڕێیەکی دێرینت سەیرم بکە و خۆشەویستیت بۆ بنێرم، هاوکات وەک خوێنەرێکیش هەندێک پرسیارت لەبارەی ئەو گوتارەوە ئاراستە بکەم، کە ئێستا لە ژێر ناونیشانی (یادەوەری بە

تەنیشت ڕەمانەوە)، لە (دەنگەکان)دا بڵاوت کردووەتەوە.(1) هەنگە وایش پێویست بکات پێشەکی هەندێک سەرنج لەبارەی مەتەدی ئەم پرسیارانەمەوە بنووسم. وەک خۆت دەزانیت تۆ باسی ئەدەبی گۆرانەوەت کردووە، کە من لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە خەریکیم و تاکوو ئەمڕۆیش بەشێکی گەورەی ژیانمی داگیر کردووە. دەکرێت بڵێم لە هۆگاری ئامادەییدا و بە شێوەی خوێسکانە دەستم دایەگۆرانەوەی بیرەوەری. هەوڵم دا تێکەڵی خەیاڵی بکەم و لەو هۆگەیەوە ژیاننامەی خۆم و دەوروبەرەکەم بنووسمەوە. وەک دەزانیت تا ئەم ساتەیش وازم لەو ستایلە نەهێناوە و بە شێوەی جیاوازجیاواز درێژەی پێ دەدەم.

لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابووردوودا هەر جارێ بابەتێکم خوێندبێتەوە و هەستم کردبێت پێویستە لەبارەیەوە پرسیار ئاراستەی نووسەرەکەی بکەم، درێغیم نەکردووە، کە لەم ڕووەوە بوومەتە خاوەنی ئەزموونێکی باش و نایشارمەوە زۆر سوودم لەم ئەزموونەم بینیوە.(2) بۆچی بە مەتەدی پرسیار ڕووبەڕووی نووسەران دەبمەوە؟ یەکەم، بۆ ئەوەی خۆم لەوە دوور بگرم لەبارەی هیچ شتێکەوە بڵیار دەر بکەم، کە پێم وایە ئەمە تەنیا دنیای نووسەر بچووک دەکاتەوە. دووەم، پرسیار نەک ئازادی لە نووسەر ناستێنێتەوە، بەکوو وای لێ دەکات ئازادیی خۆی لە ڕووبەڕی فراوانتردا پراکتیزە بکات. سێیەم، پرسیار پیرۆزی ناهێڵێت، مادام بۆی هەیە بگاتە هەر خاڵێکی ئەو ئۆبجێکت (بابەت)ـەوە، کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. بەم شێوەیە ئێستا ئەم گوتارەی تۆ لە ئاستی دەستەڵاتی پرسیاری منی خوێنەردا خاوەنی هیچ کۆنترۆڵێک نییە، وەک چۆن بەرهەمەکانی من لە ئاستی پرسیاری هەر خوێنەرێکدا باڵانسی خۆیان لە دەست دەدەن، ئەگەر بیەوێت ڕووبەڕوویان ببێتەوە. مەبەستم ئەوەیە تەنیا پرسیار لە دەستی دێت دۆخی هەر تێکستێک بگۆڕێت و ئەو بەشانەی دەر بخات، کە شاراوەن. دەتوانم بڵێم زۆربەی تێیڕەست و هەخنەسازەکانی گەورەکانی ئەم پەنجا شەست ساڵەی ڕابووردوو لەسەر ئەوە هۆکن، کە خوێنەر ئەهمێنت (هەگەز)ێکی ئاکتیڤ و گرنگە و پێوەندیی ناوەکیی بە تێکستەوە هەیە، بە ڕادەیەک هەیانە دەیخاتە سەرووی نووسەرەوە، وەک لای (ڕۆبان بارت)دا دەیبینین. دیارە هیچ شتێک نەمان لێ ناگرێت لەبارەی هەر بابەتێکەوە بنووسین و هەخنەی لێ بگرین، ئەگەر بمانەوێت و بە پێویستی بزانین، بەڵام پێم وایە مەتەدی پرسیاری ڕووبەڕووی لەم شێوەیە کاریگەریی زیاتری هەیە. لەم ڕووەوە هەوڵم داوە بە وردی بدوێم، بۆ نموونە دەکرێت لە گوتاری (کارزان هەحمان و من بە ئاراستەی دایەگدا)(3) و نامیلکەی (ئەردەڵان عەبدوڵا و من لە کازینۆی منداڵاندا)دا بۆچوونەکانم بخوێنیتەوە، کە تێیاندا بە

شەوازی خەم هەوبەهەوی بەیارەکانیان بوومەتەوە، هاوکات سیماکانی هەخنەی میللی و زمانی هەژانەم پێشان داون.(4) واتە دەرم خستووە هەخنەگری میللی چەن مامەلە لەگەڵ تەکستدا دەکات و چەن بە ئاستی میللی دای دەگرێت، بەو مەبەستەی سەری لێ دەر بچێت و بە پێوەری (چاکەوخراپە) هەڵی بسەنگێنێت، ئەو پێوەرەی پێوەندیی هاستەوخێی بە مەراڵەوە هەیە و لانی کەم لەگەڵ دەرکەوتنی بەرهەمەکانی (نیتشە)دا لە کار کەوتووە. بەڵێ، ئەو پێوەرە لەسەر ئاستی فەلسەفیدا تەک شکاوە و بەسەر چووە، چجای لە ئاستی میللیدا، کە ئەمڕۆ هەخنەگری میللیی ئەمە دەستی پێوە گرتووە. نایشارمەوە پرسیارەکانم دیسپێتیکن، واتە دژەق و توندوتیژن، کە لە لایەک سروشتی پرسیار وایە، لە لایەکی تریشەوە پێوەندیی بەوەوە هەیە دەمەوێت بە قووڵایی ئاماستە بن و توانای تێپەڕاندنیان هەبێت. بەم شێوەیە هەر گفتوگۆیەک دابمەزرێنم، تێیدا مەبەستی سەرەکیم ئەو ئەبجەکتەیە، کە لەبارەیەوە پرسیار دەکەم، نەوەک ئەو سەبجەکتەی خاوەنیەتی. بە مانایەکی دیکە ژیانی نووسەر هیچ پێوەندیی بەم پرسیارانەوە نییە، بەکوو تێپەڕاندنی ئاستی ئەو ئەبجەکتە لە هەگەی دایەگەوە، ئامانجەکەیە. وەک چەن ڵێ بە خەم دەدەم لەبارەی هەر بابەتەکەوە پرسیار بکەم و سەرنج بنووسم، ئاوایش بە مافی خوێنەری دەزانم لەبارەی هەر وشەیەکەوە بە پرسیار هەوبەووم ببێتەوە. بەوەیش هەا هاتووم دوای پرسیارەکانم یەک دوو پێشنیاز دەخەمە بەرچاوانەوە، کە لەگەڵ تێی ئازیزیشدا ئەمەم پێیی کردووە. دووبارەی دەکەمەوە لە هەز و خێشەویستی زیاترم بێت نییە، بەڵام ئەمانە پرسیارەکانمن:

نووسیوتە: (دوور نیە تێش تووشی کتێبکی وا بووبیت، کتێبێك تێدامابیت داخوا رەمانە یان یادەوەری).
ئایا لای تێ هەمان و یادەوەری دوو کایەی جیاوازن؟ ئایا تێ دەزانیت یادەوەری، بە عەرەبی (ذاکرە) و بە ئینگلیزی (Memory)یە؟ ئەگەر وایە چەن دەنووسیت: (هەرچی یادەوەرییە وەك هەر دەقێکیتری ئەدەبی دەقە)؟ ئایا یادەوەری دەقە؟ دەقی ئەدەبییشە؟ دەکرێت لێت بپرسم یادەوەری لای تێ چییە و لە پرسسی گەانەوەدا چ ئەرکێکی هەیە؟ دەق بە چی تێدەگەیت؟ بە چی دەگوترێت دەق؟ دەتوانیت نموونەم لای ئەو فیلسەف و هەخنەسازانەدا بێ بهێنیتەوە، کە لەبارەی دەقەوە نووسیویانە؟ ئەگەر دەق وەک (پاڵ ریکەر) بەشێکی ژیانی بێ تێگەیشتنی تەرخان کردبێت و لە کتێبی (لە تێکستەوە بێ کردار: From Text to Action)دا بڵێت: (دیسکەرسێکە بە هەی نووسینەوە داهێژراوە: a discourse fixed by writing)، ئایا یادەوەری

ئەوەیە؟ ئاخۆ یادەوەری هەگەزێکی گرنگە لە پێکهێنانی تێکستدا، یان هەر خۆی تێکستە؟ دەتوانیت لەم ڕووەوە بە ئارەزووی خۆت تەنیا یەک نموونەم لە ئەدەبی کوردی، یان لەو ئەدەبی دەرەوەدا بۆ بهێنیتەوە؟ لە بیرتە کاتێ لە قۆناغی سەرەتایی بووین، یەکێ لە قوتابییەکان فیکەیەکی لێ دەدا و لە هاوپێلەکەی دەپرسی، ئەگەر تۆ زیرەکیت، دەتوانیت ئەمە بنووسیتەوە؟ لە بیرتە ئەویش پێدەکەنی و دەیگوت: فیکە نانووسرێتەوە؟(5)
نووسیوتە: (چەمکی یادەوەری لە چەمکی یاداشت جیادەکەمەوە).

بۆچی، برای ئازیزم، پێت وایە هیچ کەسێک هەیە ئەوانەی تێکەڵ کردبێت، یان لە یەکدیی جووداو کردبنەوە؟ مەبەستم ئەوەیە هیچ نووسەرێک هەیە لەم دنیایەدا خۆی بە کارێکی واوە خەریک بکات و بڵێ چەمکەکانی یادەوەری و یاداشت پێکەوە دەبەستمەوە، یان جووداویان دەکەمەوە؟ ئایا ئەگەر هەر یەک لە (ڤلادیمەیر پروپ)، (بارت)، (تێدۆرۆف)، (ئیکۆ)، (جیرار جینێت)، (پۆل ڕیکۆر) و ئەوانەی دیکە کاری وایان کردووە، دەتوانیت سەرچاوەکانم بۆ بنووسیت؟ ئەڵێ یادەوەری هەر خۆی بەشێک نییە لە پرۆسەی گێڕانەوە؟ ئایا یاداشت خۆیشی بە کەناڵێکی ئەدەبی گێڕانەوە دانانرێت؟ باشە، هەر لە ڕووی تێرمۆنۆلۆجییشەوە (یاداشت) مانای (بیرەوەری) نییە؟ ئەگەر وایە، چۆن یادەوەری شتێکە لە یاداشت، یان با بڵێین لە بیرەوەری جووداو دەکرێتەوە؟ دەتوانم بپرسم تۆ بۆچی یادەوەری لە یاداشت جووداو دەکەیتەوە و بە چ تیۆرییەکی هەخنەیی پشتقایمیت؟ دەکرێت کەسێک بە بۆ یادەوەری یاداشت تۆمار بکات؟ ئایا لەگەڵ دەرکەوتنی بەرهەمەکانی هەر یەک لە (فرۆید)، (هێنری برگسۆن) و (هایدیگەر)دا یادەوەری نەبووە گرنگترین ئامانجی ئەدەب بەگشتی و ئەدەبی گێڕانەوە بەتایبەتی؟ ئایا هەر بۆ نموونە هەردوو چەمکی (دیورەیشن: Duration) و (ئینتیوەیشن: Intuition)ی (هێنری برگسۆن)، واتە (بەردەوامی) و (حەدس)، ئاماژەی ئەدەب و هونەریان تەواو نەگەیی؟ دەتوانیت لەم ڕووەوە هەوڵەکانی (فرۆید) و (هایدیگەر) فەرامۆش بکەیت؟ ئایا بۆ نموونە بەرهەمەکانی (جۆیس) و (فۆکنەر)ت لە بیر نین، کە چۆن بە شێوەی جیاوازتر لە نووسەرانی پێشوو کار بە یادەوەری دەکەن؟ ئایا تابلۆی (جەختکردنەوەی یادەوەری: The Persistence of Memory)ی (سەلڤادۆر دالی)ت نایەتەوە بەرچاو؟ دیسان دەپرسم تۆ لەسەر چ بنەمایەک یادەوەری لە یاداشت جووداو دەکەیتەوە؟ ئایا هیچ هێزێک هەیە ئەو دووانە لە یەکدی جووداو بکاتەوە؟ ئەڵێ چەمکی (شەپۆلی هۆش) کەی و لە کوێ سەری هەڵدا، چۆن گەشەی کرد، کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە یادەوەرییەوە هەیە؟

ئەتەسفەری ڕۆمانی (گەڕان بە دوای کاتی ونبووداا)ی (مارسێل پرۆست)ت نایەتەوە بەرچاو؟ تۆ بڕۆی ئەوە ڕۆکەوت بێت (تۆماس ئیڤیەت) لە دوای شەڕی یەکەمی گێتییەوە و لە سەرەتای (خاکی وێران)دا پێ لەسەر (یادەوەری) دادەگرێت؟ چەمکێکی وا بۆ ئەوەیە نووسەر کاری نوێ و جیاوازی پێ بکات، یان بڕۆ لە یاداشتی دادەبڕم؟ ئایا ئەگەر تۆ هەر لە بنەڕەتەوە گوتارەکەتت لەسەر سێ پایەدا هەڵچنیبێت، کە هەرسێکیانت بە هەڵە بە کار هێنابێت، ڕۆی تۆ دەچێت شتی نوێ و کاریگەرت بە دەستەوە دابێت؟ ئایا دەکرێت نووسەر بەم زمان و تێگەیشتنە گوتار لەبارەی ئەو چەمکانەوە بنووسێت، کە لینکیان لەناو فەلسەفە، لینگویستیک و کۆمەڵک کایەی تردا هەیە و لەسەر پرۆبلەماتیکی گەورە دامەزراون؟ ئایا زمانی میللی دەرەقەتی بابەتی وا دێت؟ نووسەرێکی گەورەی ئەم دنیایە دەناسیت بە زمانی میللی باسی یەک چەمکی کردبێت؟ ئایا زمانی میللی بۆ تێکشکان و تێپەڕاندنە، یان بۆ بە بەکارهێنان وەک ئەوەی تۆ کردووتە؟
نووسیوتە: (دیارە قسە لەو یادەوەریانەیە کە بە گێتەی گێتیاران بێت هێند لە ڕەمان نزیکبوونەتەوە، دەستی هونەرکاری تخووبی نەوانیانی سێیوەتەوە).

دەکرێت ناوی یەکێ لەو گوتیارانەم پێ بڵێیت، کە گوتوویانە یادەوەری لە ڕۆمان نزیک بووەتەوە، یان دوور کەوتووەتەوە؟ ئایا هێشتا سووریت لەسەر ئەوەی یادەوەری بە دەق بزانیت و لە یاداشتی جوودا بکەیتەوە، کە هاوکاتیش پێت وایە هەر ئەو یادەوەرییە لە ڕۆمان نزیک دەبێتەوە؟ هێشتا دەڵیت یادەوەری لە یاداشت جوودا دەکرێتەوە، یان پێکەوە دەبەسترێنەوە؟ مەبەستم ئەوەیە ئایا ئەم پرسە بنەمای هەیە و مرۆڤ دەتوانێت ئەو دووانە لە یەکدی جوودا، یان نزیک بکاتەوە؟ ئایا تۆ دوای چاپکردنی کۆمەڵک کتێب لە بواری ئەدەبی گۆڕانەوەدا و لەم سەردەمەی سەرچاوەکان بە ئاسانترین شێوە دەگەنە دەستت، بگرە وەک (دێرز) دەڵێت دەیانەوێت ناچارت بکەن بڵێتە دەنگ؛ هێشتا لە نووسینی گوتاردا پشت بە (گوتەی گوتیاران) دەبەستیت؟ (گوتەی گوتیاران)، ئازیزم؟ ئایا جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەدەبی فۆلکلۆر و ئەدەبی تاکدا نییە؟ باشە، (گوتەی گوتیاران) ئەگەر لە بواری کۆکردنەوەی شیعر و هەقایەتی فۆلکلۆریدا نرخی هەبێت، لە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا ڕۆڵکی دەمێنێت؟ تۆ گوتەی گوتیاران کۆ دەکەیتەوە، یان لەبارەی چەمکەکانی ئەدەبی گۆڕانەوەوە دەنووسیت، کە هەر یەکەیان بگرێت پێویستی بە لێکۆڵینەوەی چۆ و کاتی زۆر هەیە؟ {دیارە مەبەستم لە بواری ئەنتڕۆپۆلۆجیا نییە، کە بۆ نموونە (کلود لیڤی شتراوس) لە ڕۆگەی

ڕاڤەکردنی دەقی فۆلکلۆرییەوە هەوڵی گەورەی بۆ خوێندنەوەی تاک و کەلتووری جۆراوجۆر داوە و قوتابخانەکەی بە (Structural Anthropology) ناسراوە}. بەکورتی مەبەستم ئەوەیە ئەم زمانەی پێت نووسیوە نەک لە زمانی حەفتاکان و هەشتاکان، بەکوو لە هیی سییەکان و چلەکانیشی تۆ پەڕاندووە؟ پێت وایە ستەی لە شێوەی (دەستی هونەرکاری تخووبی نێوانیانی سێیوەتەوە)، هیچ هێزێکی ئێستاتیکیی تێدا بێت و بتوانێت شتێک بخاتە سەر ئەو تێگەیشتنەی خوێنەری زڕ سەرەتایی هەیەتی؟ ئایا ئەمە کەموزڕ لەگەڵ چێژی خوێنەری ئەمڕۆدا دێتەوە؟ ئایا پێت وایە هیچ کەسێک، بە چاوپۆشین لە ئاستی تێگەیشتنی، لە نووسینی ستەیەکی وادا پەکی بکەوێت؟ ئەڕێ بۆ ئەوەی مرۆڤ ستەی لەم شێوەیە بنووسێت، پێویستی بەوە هەیە چوار دێڕ لە هیچ کتێبێکدا بخوێنێتەوە؟
نووسیوتە: (یاداشت هەموو ئەو یاداشتانە دەگرێتەوە بە زمانی ڕەق و تەق، یان بە زمانی سیاسەت و مۆژوو، دوور لە هونەری گێڕانەوە و هونەرکاری نووسراون).

ئایا کاتێ پێناسەی بابەت (ئۆبجێکت)ێک دەکەین، نابێت خودی بابەتەکە لە کۆنتێکست (سیاق)ی خۆی دوور بخەینەوە و بیهاوێنەی کۆنتێکستی دیکەوە، تاکوو لە ئەنجامدا مانای نوێمان بۆ دەر بکەوێت، کە بە هۆی ئەو مانا نوێیانەوە لە خودی بابەتە پێناسەکراوەکە دەگەین؟ ئەگەر وایە، چۆن دەنووسیت (یاداشت هەموو ئەو یاداشتانە دەگرێتەوە)؟ ئایا ئێمە ئەگەر نەمانزانیبێت یاداشت چییە و تۆ بە نیاز بیت پێمانی بڵێیت، چۆن دەکرێت خۆی بە خۆی پێناسە بکەیت؟ چۆنکە چییە؟ چۆنەکە هەموو ئەو چۆنەکانەن، کە چۆنەکەن. ئایا ئەمە پێناسەی چۆنەکەیە؟ ئایا دەبێت دوای ئەوە بڵێیت من چۆنەکە لە فۆین جوودا دەکەمەوە؟ کاتێکیش لێت بپرسن بڵچی، تۆ بڵێیت چونکە چۆنەکە خراپ دەفڕێت؟ ئایا لەم حاڵەدا تۆ هیچ شتێکت لەبارەی چۆنەکەوە پێ گوتووین و ئێمە زانیومانە ئەوە چ بوونەوەرێکە، تا لە جۆری فۆینی دەعبایەکی وەها تێبگەین؟ (دڵڕەسووڵ)ی هاوڕێمان، یاریکەری ناسراوی باسکیتبۆڵ، لە ساڵی حەفتاوەن، کە ئەودەم گەیشتبووینە سێیەمی ناوەندی، لەو ستادیۆمەی هەولێردا ئەم نوکتەیەی بۆ گێڕاینەوە: (کابرایەک بەردەوام دەڕێت پرتەقاڵ خۆشە. لە کوێ وا دەڕێت؟ لای ئەوانەی هەرگیز پرتەقاڵیان نەدیوە. ڕۆژکیان منداڵێک دەپرسێت: ئەڕێ، مامە، ئەو پرتەقاڵانەی بەردەوام باسیان دەکەیت، چۆنن؟ ئەویش دەڵێت: ئەو پرتەقاڵانە هەر یەکەی هێندەی پرتەقاڵێکە، ئۆهۆ… تووەز کابرا تەنیا ناوی پرتەقاڵی بیستووە…. با گوتەکانمان سەرتاپێیان جیددی نەبن، بەکوو

نوکتەیشیان تێ بکەوێت، کە هەردووکمان کۆی گەڕەکی نوکتەین! هەرچەند پێم وایە نوکتە لووتکەی جیددییەتە وەک لای فرێددا دەیبینین).

ئەوە گریمان (یاداشت هەموو ئەو یاداشتانە دەگرێتەوە)، بەڵام (زمانی ڕەق و تەق) چییە؟ کام لەو هەخنەساز و زمانناسانەی لەبارەی ئەدەبەوە نووسیویانە، بەم شێوەیە لە زمان دواون؟ زمانی ئەم گوتارەت تا چەند بە فلکسەبڵ دەزانیت؟ تا چەند زمانێکە توانای جووڵەی هەیە و ئاڵاستەی نوێ دەدۆزێتەوە؟ بۆچی پێت وایە (یاداشت هەموو ئەو یاداشتانە دەگرێتەوە بە زمانی ڕەق و تەق، یان بە زمانی سیاسەت و مۆژوو، دوور لە هونەری گۆرانەوە و هونەرکاری نووسراون)؟ دەتوانی یەک نووسەری ئەم دنیایەم پێ بڵێیت لە نووسیندا پشتی بە یاداشت نەبەستبێت؟ ئایا هەر بۆ نموونە چی بە یاداشتەکانی (ناوی گوێ) و (دوگمەی ژاکێتی پشووی (ئەمبرتۆ ئیکۆ) دەڵێیت؟ زمانی هەقوتەقن؟ ئایا کتێبی (ترس و بڕووسکە)ی (سۆرێن کیەکاگارد: Søren Kierkegård)ی تێڵەجن و فیلەسۆف زمانێکی هەقوتەقی هەیە؟ ئایا ئەویش بیرەوەری نییە، بەڵام لە فۆرمی فەلسەفیدا دایشتوونەتەوە؟ دەکرێت واز لەمانە بهێنیت و باسی خۆتمان بۆ بکەیت، ئاخۆ پشتت بە یاداشت نەبەستووە؟ (زمانی سیاسەت و مۆژوو) چییە، چاوەکانی من؟ ئایا ئەوانەیش دوو چەمکی گەورەی دنیای فکر نین و دەیان فیلەسۆف و هەخنەسازیان بە خۆیانەوە خەریک نەکردووە؟ ئایا سادەییەکە لە خودی ئەو چەمکانەدایە، یان لە بەکارهێنانیاندا؟ دەتوانیت ناوی یەک داهێنەرم پێ بڵێیت خۆی لەو دوو چەمکە نەدابێت؟ هەر بۆ نموونە لە بواری فەلسەفەدا (فۆکۆ) و لە بواری ئەدەبدا (جێرج ئۆرۆ)ت لە خەیاڵ نییە؟ ئایا (هیگڵ)، (مارکس)، (ماکس ڤیبەر)، (گرامشی) و زۆری دیکەیشمان نین؟ لە پێش ئەوانیشەوە دەیانی وەک (پلاتۆ) و (ئەریستۆ)ت ناکەوێتەوە خەیاڵ؟ ئەڕێ زمانی ئەوانە هەقوتەقە؟ ئایا یادەوەریت ناوی ڕۆمانی (1984)ی (ئۆرۆ)ی بۆ هەڵنەگرتووین؟ هونەری گۆرانەوە چییە؟ دەتوانیت پێناسەیەکی ئەو چەمکە بکەیت؟ کێن ئەوانەی دەتوانن پێمان بڵێن ئەو هونەرە لە چ تێکستێکدا هەیە و لە چ تێکستێکیشدا نییە؟ ئایا ئەوانە پێویستە لە بواری ئەدەب و فکردا شارەزا بن و بەشێکی زۆری کاتی خۆیانیان بۆ تەرخان کردبن، یان هەر کەسێک دەتوانێت کاری وا بکات، هەتا ئەگەر نە دوور و نە نزیک ئاگای لە ناراتاڵگی (زانستی گۆرانەوە) هەبێت؟ بە چی ئەو شارەزاییە بناسینەوە؟ تۆ خۆت ئەو شارەزاییەت هەیە و لەم گوتارەتدا دەرت خستووە؟

نووسیوتە: (ئەو جارە یادەوەریانە لە ناو کورد ناڕەم نیە، چونکە

پ□□انەگەیشتووم هەرچی هەیە بیخو□نمەوە، بە□ام ئەگەر هەشبێ زۆر دەگمەنە، بۆیە دەبێت لە دەرەوەی ئەدەبیاتی کوردی ئەو یادەوەریانە بخو□نینەوە). کام یادەوەرییە لەناو کورددا نییە؟ چ□نت بۆ دەرکەوت ئەو یادەوەرییانە لەناو کورددا نین؟ ئەگەر لەسەر ئەوە □□ک بکەوین یادەوەری میم□رییە و میم□ریش یادەوەرییە، ئایا یادەوەری لەناو کورددا نییە؟ ئایا مرۆڤ، یان کەمەگە هەیە میم□ری نەبێت؟ دەتوانیت لە گوتارێکی سەربەخۆدا پ□مان بە□□یت (لە دەرەوەی ئەدەبیاتی کوردی ئەو یادەوەریانە) چ□نن؟ دەتوانم وەک خو□نەرێک داوات لێ بکەم تەنیا یەک نموونەم لە ئەدەبی دەرەوەی کورددا بۆ بهێنیتەوە، مادام خ□ت گوتووتە دەبێت ئەوە بکرێت؟ یان ئەگەر پێشتر گوتاری لەم شێوەیەت هەیە، دەتوانیت سەرچاوەکەیم پێ بە□□یت؟(6)
نووسیوتە: (بە پرسیارێکەوە دەچمە نێوان قسان و بە دەوری ناونیشانی بابەتەکە دەسوو□□مەوە و هەوڵی لێ نزیکبوونەوەی دەدەم: داخوا دەقێکی دیاریکراو هەیە هەم ڕ□مان بۆ هەم یادەوەری؟).

ئایا ئەگەر نووسەرێکی دیکە پێی بگوتیتایە تۆ بە دەوری ناونیشاندا دەسوو□□یتەوە، هەستت نەدەکرد تۆمەتی خستووەتە پاڵت؟ ئەمە زمانی نووسینە؟ بۆ دەپرسیت (داخوا دەقێکی دیاریکراو هەیە هەم ڕ□مان بۆ هەم یادەوەری)؟
ئایا هیچ تێکستێک، بە چاوپۆشین لەوەی چ□نە و چییە، دەکرێت بەبێ یادەوەری بێتە کایەوە؟ ئایا (باشلار)ی فیلەسۆفت لە بیر چوو، کە تەنانەت پێی وایە زانستیش یادەوەری □ای گرتووە، دەنا لە ناو دەچێت؟ ئەڕێ تۆ تاکوو ئێستایش پێت وایە □□مان شتێکە و یادەوەری شتێکی دیکەیە؟ باشە، نەمانگوت یادەوەری بەشێکی گەورەی □□مان و هەر جانرەیەکی تڕە؟

نووسیوتە: (لە بەرایی دە□□م قسەی من لەوە نیە ڕ□مان تا کۆ کەلك لە یادەوەری وەردەگرێ، یان یادەوەری تا چەند باڵ بە سەر پانتایی ڕ□ماندا دەکێشێ).
ئەڕێ تۆ لە بیرت چوو، کە یادەوەریت لە یاداشت جوودا کردەوە؟ ئەگەر وایە چ□ن □□مان کەسێکی لێ وەردەگرێت و باڵ بەسەر پانتاییەکەیدا دەکێشێت؟ ئایا □□مانیش یاداشت نییە؟ ئەگەر یاداشت نییە، دەتوانیت بە□□یت چییە؟ ئەڕێ □□مان بە مانا هەرە سادەکەی یاداشتی کەمە□□ک کارەکتەر نییە، کە لە یادەوەریی خ□یاندا پاراستوویانە و لە □□ی تەکنیکەکانی گ□□انەوەوە بە خو□نەر دەگەن؟ ئایا تۆ (یادەوەری)ت بە چاکی و لە شو□نی خ□یدا بە کار هێناوە، تاکوو پ□مان بە□□یت □□مان کەسێکی لێ وەر دەگرێت، یان نا؟ ئایا نەک

ڕۆمان، بەکوو هیچ جانرەیەکی دیکە هەیە بەبێ یادەوەری دروست ببێت؟ کەواتە گرنگیی ئەو پرسیارەی تۆ لە کۆدایە؟ ئەگەر یەکێ ئەمەت بێ بنووسێت: (لە بەرایی دەڵێم قسەی من لەوە نیە چۆنەکە تا کۆی کەلك لە فۆین وەردەگرێ، یان فۆین تا چەند باڵی بە سەر پانتایی چۆلەکەدا دەکێشێ)، چیی پێ دەڵێیت؟ ئەگەر ڕۆژگارێک یەکێ لەو نووسەرە لاوانە لێت بپرسێت، کاک کەریم، تۆ وەک نووسەرێکی ئەدەبی گەنجانەوە، کە ئەزموونت هەیە، دەتوانیت بە کورتی پێناسەیەکی ڕۆمانم بۆ بکەیت؛ چ وەسفێکی دەدەیتەوە؟ ئاخۆ پێی دەڵێیت ڕۆمان چییە؟ پێی دەڵێیت بۆ ئەم گوتارەت بگەڕێتەوە؟
نووسیوتە: (قسەی من لەوەیە تا چەند یادەوەری وەك ژانرێکی ئەدەبی لە ناو ڕۆمان کە ژانرێکیترە دەتوێتەوە و وەك ژانرێکی جیا نامینێتەوە، لە قسان خۆی لە دەستدەدات، یان تێکەڵ نابێت و خۆی دەپارێزێت.).

ئەگەر نووسەرێکی دیکە ئەم پەرەگرافە بنووسێت، تۆ هەست دەکەیت وشەکان بە چاکی دەربڕاون؟ ئەگەر خودی نووسین دروستکردنی جیاوازی بێت، وەک (دێریدا) پێی لەسەر دادەگرێت، ئایا لە گوتارەکەتدا بەگشتی و لەم پەرەگرافەتدا بەتایبەتی هیچ جیاوازییەک بە دی هاتووە؟ شتێکی لە زمانی ڕۆژانە (Vulgar language) تۆ پەڕاندووە؟ ئایا هۆشتا سووریت لەسەر ئەوەی بڵێیت یادەوەری ژانرە و ژانرێکی سەربەخۆیشە؟ دەکرێت پێم بڵێت چۆن ژانرێکە، دروستتر چۆن جانرە (genre)ێیەکە؟ لە بیرتە پێشتر گوتت یادەوەری تێکستە؟ ئەڕێ یادەوەری جارێک تێکستە و جارێکی دیکە لەوەیش دوورتر دەڵێیت و دەیکەیتە ژانر؟ دەکرێت لەم ڕووەوە تەنیا یەک نموونەم بۆ بهێنیتەوە؟ کامیانە؟ تێکستە، یان جانرەیە؟ مادام قسەت لەوەیە (تا چەند یادەوەری وەك ژانرێکی ئەدەبی لە ناو ڕۆمان کە ژانرێکیترە دەتوێتەوە و وەك ژانرێکی جیا نامینێتەوە، لە قسان خۆی لە دەستدەدات، یان تێکەڵ نابێت و خۆی دەپارێزێت)، بۆچی وەڵامی ئەو پرسیارەی خۆت نەداوەتەوە؟ دەتوانم داوات لێ بکەم لە گوتارێکی سەربەخۆدا وەڵامی بدەیتەوە؟ ئایا هەر بەگشتی ئەم پەرەگرافە هیچ شتێکی نوێمان پێ دەڵێت؟ پرسیارێکمان لا دەوروژێنێت؟ ئایا (خۆی لە دەستدەدات، یان تێکەڵ نابێت و خۆی دەپارێزێت)؟ ئەڕێ ئەم پرسیارە گرنگە، کە کردووتە؟ ئایا ئەو پەرەگرافە لە ئەنجامی وردبوونەوە و پرسیارەوە هاتووەتە کایەوە، یان بۆ ئەوەیە شتێک لەبارەی ڕۆمان، یاداشت و یادەوەرییەوە بنووسرێت؟ ئەڕێ تۆ پێشتر نەتگوت ئەوانە جیاوازن؟ ئەدی ئەو پرسیارە بۆچی، مادام هەر لە بنەڕەتەوە جوودات کردوونەتەوە؟

نووسیوتە: (ئەوەی ڕەمان و یادەوەری لەکنزیك دەکاتەوە هەندێ ڕەگەز و تەکنیکن).
ئەدی بۆچی باسی ئەو هەگەز و تەکنیکانەت بۆ نەکردووین؟ دەکرێت لە داهاتوودا ئەو هەگەز و تەکنیکانەمان بۆ باس بکەیت؟ ئەگەر هەر لە بنەڕەتەوە یادەوەری جانرە نەبێت، بەکوو مەلەکووتی خەیاڵ بێت و بە بەشکی جوودانەکراوەی پرسسی گەیاندن و گێڕانەوە دابنرێت، (وەک پێشتر من گوتم، نەوەک تۆ)، چۆن هەندێک هەگەز و تەکنیک لە ڕەمانی نزیک، یان دوور دەکەنەوە؟ بۆ هیچ کاتێک هەبووە لەی جوودا بووبێتەوە، تاکوو ئێستا هەندێک هەگەز و تەکنیک لەی نزیک بکەنەوە؟(7) ئایا هیچ جووڵەیەک بەبۆ یادەوەری دەکرێت؟ هیچ وشەیەک بەبۆ یادەوەری دەگوترێت؟ مادام هەبوونی مرۆڤی بۆیادەوەری مەحاڵە و ڕەمانیش وەک هەر جانرەیەکی دیکە بەرهەمی خەیاڵ و بیرکردنەوەی ئەو مرۆڤەیە، ئەم گوتەیەی تۆ بنەمای هەیە؟ ئەگەر پێت بڵێم یەک دەنک لەمە ناگەم، گوناهی منی خوێنەرە، یان هیی تۆی نووسەر؟
نووسیوتە: (تۆ چاودێ زمانی یادەوەری نە زمانی مۆژووە نە زمانی سیاسەت، ڕێك زمانی ڕەمانە، زمانێکە کەم و زۆر شیعرێتی تێیدا زاڵە، بە ئاگا لەوەی شیعرێتی لە ڕەماندا ڕۆژەییە، بە ئاسایی وەرگرە زمانی یادەوەری لە زمانی ڕەمان سەرتریش بۆ، دەگەڕێتەوە ئاستی یادەوەرنووسەکە، کەواتە ئەگەر بتەوێ لە ڕەی زمانەوە ئەو دوو ژانرە ئەدەبیە لێك جیا بکەیتەوە، کاری نەکردەیە.).

ئەودەم پرسیم و دیسان دەپرسمەوە زمانی مۆژوو چییە و زمانی سیاسەت چۆنە؟ ئایا ئەوانە خۆیان هەر بە زگماک زمانیان هەیە، یان کاتێک زمان پەیدا دەکەن، کە دەبنە بابەت و لەگەڵ خودی مرۆڤدا پێوەندی دادەمەزرێنن؟ ئایا ئەو مۆژوو و سیاسەتەی لای (فۆکۆ)دا کاریان پێ دەکرێت، هەمان ئەو مۆژوو و سیاسەتەن، کە لای (فۆکۆیاما)، یان لای (ئۆباما)دا هەن؟ ئایا مۆژوو و سیاسەت وەک هەموو ئۆبجێکتەکانی دیکە ناکەونە ژێر دەستەڵاتی ئەو تێوانینەوە، کە تۆ بۆیانت هەیە؟ ئەو تێوانینە لە زمان جوودا دەکرێتەوە؟ دەتوانیت ناوی یەک فیلەسۆفم پێ بڵێیت لە (سۆکرات)ـەوە بۆ (پلاتۆن) و (ئەریستۆ)، لە (دێکارت)ـەوە بۆ (نیتشە)، (برگسۆن)، (هایدیگەر)، (ڤیتگینیستاین)، (دەلەز)، (دێریدا) و ئەوانەی دیکە خۆی لەو پرۆبلەماتیکە نەدابێت، کە هەیانە سەرجەم ژیانی بۆ تەرخان کردووە، لە کاتێکدا لای تۆ تا ئاستی زمانی میللی، بگرە خوارتریش دابەزیوە؟ ئایا شتەکان هەر خۆیان زمانیان هەیە؟ ئەگەر وایە، دەتوانیت پێم بڵێیت چۆن و بە چ شێوەیەک؟ ئەوە گریمان (زمانی یادەوەری نە زمانی مۆژووە نە زمانی سیاسەت، ڕێك زمانی ڕەمانە)، بەڵام دەتوانیت پێمان بڵێیت زمانی

ەمان چییە؟ ئایا ەمان چەمکێکی گشتی نییە و کاتێ تایبەتمەندی وەر دەگرێت، کە نووسەر بە زمان و تەوانینی خۆی پراکتیزەی دەکات؟ ئایا ئەم بۆچوونەی تۆ مانای وا نییە ەمان شتێکی فیزیکەڵە و مرۆڤ دەتوانێت بە ئامادەکراوی بە دەستی بهێنێت؟ باشە، یادەوەری ئەمەنتە و بە کار دەهێنرێت، یان وەک ەمان دەنووسرێت؟ دەتوانیت دوو نموونەم بۆ بهێنیتەوە، ئینجا چ لە ئەدەبی خەمان بێت و چ لە هیی دەرەوەی خەماندا، تاکوو پەمان بەیت ئەمەیان یادەوەرییە و ئەوەیان ەمانە؟ دەی، تۆ ناەیت زمانی یادەوەری ەک زمانی ەمانە؟ ئەگەر هەمان شتن، بۆچی خۆت بەوەوە ماندوو کردووە جووداییان بکەیتەوە؟ مەبەستت لە (شیعرییەت) چییە؟ ئایا ئەوەیە، کە بۆ نموونە لای (بارت) و (تۆدۆڕۆف)دا هەیە، یان جیاوازە؟ ئایا چەمکی شیعرییەت لەم ڕستەیەدا هیچ ئەرکێکی لە ئەستۆدایە؟ ئایا بە دروستی و لە شوێنی خۆیدا بە کارت هێناوە؟ مەبەستت لە (بە ئاگا لەوەی شیعرێتی لە ڕماندا ڕۆژەییە) چییە؟ بۆچی هیچ شتێک هەیە لە ئەدەبدا ەڕۆژەیی نەبێت؟ لەم گەردوونەدا شتێک شک دەبەیت، ەڕۆژەیی نەبێت؟ ئایا ئەم ڕستەیە پەیستە؟ ئەگەر ئەمجارەیان پێت وایە ەمان و یادەوەری یەک شتن، بۆ دوای ئەوە دەنووسیت: (بە ئاسایی وەرگرە زمانی یادەوەری لە زمانی ڕمان سەرتریش بۆ).

ئەڕ تۆ نەبوویت گوتت ئەوانە ەک وەک یەکن؟ بۆچی زمانی یادەوەری دەکەوێتە سەرووی زمانی ەمانیشەوە؟ ئایا تۆ لەرەیشدا پێت وایە ەمان خۆی هەر لە بنەڕەتەوە زمانی هەیە، یان جانرەیەکە و لە ئەنجامی پرۆسەسی ئاکتیڤبوونی خەیاڵ و زمانەوە دێتە کایەوە؟ مادام تۆ باوەڕت وایە ەمان هەر بە زگماک زمانی هەیە، دەتوانیت پێم بڵێیت چۆن ئەو باوەڕەت لا دروست بووە؟ ئەگەر یادەوەری میمڕی بێت، ئایا ئەم گوتەیە هیچ کاریگەرییەکی دەمەنێت؟ زمانی یادەوەری مانای چییە؟ دەتوانیت یەک دوو نموونە هەر لە بەرهەمەکانی خۆت بهێنیتەوە و پێم بڵێیت زمانی یادەوەری ەک ئەمەیە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئەوە نییەڵ؟ ئەمجارەیان بۆچی گوتووتە: (کەواتە ئەگەر بتەوێ لە ڕی زمانەوە ئەو دوو ژانرە ئەدەبییە لەك جیا بکەیتەوە، کاری نەکردەیە)؟ مادام تۆ ئەوە باوەڕتە، بۆچی جووداییان دەکەیتەوە؟ ئەگەر وایە بۆچی پێشتر پێت گوتین زمانی یادەوەری لە زمانی ەمانیش باترە؟ ئەڕ وەک یەک وان، یان لە یەکەوە نزیکن، یاخود لە یەکدی جیاوازن؟ لەم سێ شتە جیاوازە، کامیان هەدەبژێریت و چی لە دووانەکەی دیکە دەکەیت؟ بگومان تۆ وەک نووسەرێکی ئەدەبی گانەوە دەزانیت چەمکێک هەیە و ناوی ناونیشاناسی (Titrologie)یە، کە بە تایبەتی لە بواری سیمۆلۆجیادا بە کار

دەهێنرێت، واتە بوونی پێوەندیی ناوەکیی ناونیشان بە تێکستەوە، بۆیە لێت دەپرسم ئایا ئەو ناونیشانەی هەڵتبژاردووە (یادەوەری بە تەنیشت ڕۆمانەوە) لەگەڵ بۆچوونەکانتدا هیچ هاوەڵنییەک دروست دەکات؟ ئایا ئەگەر هەر لە سەرەتاوە، واتە لە ناونیشانەوە بڕیت ڕۆمان و یادەوەری دوو چەمکی جیاوازن، بەڵام لە تەنیشت یەکترن، لەگەڵ ئەوەدا چۆن دڵتەوە، کە جارێک دەبنە یەک، جارێک لە یەک نزیک دەبنەوە و جارێکیش جیاوازن؟ ئەڕێ ئەوەیشمان نەگوت، کە یادەوەری بەشێکی دانەبڕاوی فکر و خەیاڵە، بەڵام لێرەدا بە هەڵە بە کار هاتووە؟
ئەگەر من ئەم گوتانەم بنووسیایە، تۆ لێم تێدەگەیشتیت؟ دەمتوانی لەو ڕێگەیەوە ڕووبەڕووی بیرکەیەکت بکەمەوە، کە نوێ بێت و ئامانت بگەیێت؟ ئەگەر من لە گەڕەکی (ئەلف)ـەوە بە پێ بڕم بۆ لای تۆ، کە لە گەڕەکی (بێ)دا نیشتەجێیت، بەڕام پێت بڵێم بە فڕۆکە هاتووم، ئایا لەم حاڵەدا هەر شتێکی ناو ئەو فڕۆکەیەت بۆ بگێڕمەوە، بە کەڵکی ئەوە دێت هیچ زانیارییەکی لەسەر هەڵبچنیت؟ ئەگەر تۆ هەرسێ چەمکە بنەڕەتییەکە و کۆمەڵکی دیکەی لاوەکیت بە هەڵە پێناسە کردبێت و بە زمانی میللی لێیانەوە دوا بیت، ئەو زمانەی خەڵک لە کاروباری ڕۆژانەیاندا بە کاری دەهێنن، ئایا هەر زانیارییەک لەم گوتارەتدا هەیە، لای منی خوێنەر کاریگەریی دەبێت؟ باشە، ئەو زمانەت چ دوور و چ نزیک پێوەندیی بە ئەدەبی گێڕانەوەوە هەیە؟

کاک کەریمی ئازیز، لەبارەی سەرجەم ئەو وشانەی لەم گوتارەتدا نووسیوتن، پرسیارم هەیە، بەتایبەتی لەبارەی چەمکی (ڕاستگۆیی)ـەوە، کە ئەمە هیچ بواری ئایینە، نەوەک هیچ بواری ئەدەب و فکر، بگرە ئەدەب و فکر دوو چەکی مەتافیزیکین بۆ بەگژداچوونەوەی (ڕاستگۆیی)، کە وەک سێنترالێک خۆی سەپاندووە. لە ئایینداا (ڕاستگۆیی) پێوەرە و دەستەڕاتداریشە، بگرە توانای سەینەوەی هەر شتێکی دیکەی هەیە، کە بە (ڕاستگۆیی) دانانرێت، بەڕام لە ڕەخنەدا (ڕاستگۆیی) وەک هەر چەمکێکی تر دەکەوێتە بەر زەبری پرسیاری دیسپۆتیک و دەستەڕاتی لێ دەسەنرێتەوە. ئەو شەڕە بە ڕووبەڕووی لای (دێریدا)دا دەبینین، بەوەی پێی وایە هەموو دیوالیزمەکان لە سەپاندنی سێنترالیزمدا بەشدارن و دەبێت هەبوونەوە. (ڕاستگۆیی) چەمکێکی فریودەرە. بۆ ئەوەیە ببێتە حەقیقەت و ڕووبەڕووی گەورەی گەردوون بسڕێتەوە، گوایە ئەو ڕووبەڕە (ناڕاستگۆیی)ـە. ئەوە ڕاستگۆییە وا دەکات حەقیقەت وەک شتێکی یەقین خۆی دەر بخات و وامان پێشان بدات لەسەر دژایەتی دانەمەزراوە. لەسەر ئاستی میللیدا (ڕاستگۆیی) زۆرترین دەنگ

دەهێنێت و لە بەرانبەردا (ناسیۆنالیستگەرایی) بەر نەفرەت دەکەوێت. لەمەیشدا چ ئایین و چ باوەڕە زاڵەکانی دیکەی کۆمەڵگە پاڵپشتی ئەو تێوانینە میللییەن. لێرەدایە ئەدەب گرنگە، کە توانای تێکشکاندنی ئەو (ناسیۆنالیستگەرایی)ـەی هەیە و دەیخاتە ژێر گومانەوە، بەوەی دژایەتییەکانی ناوەوەی دەدزێتەوە و پایەکانی حەقیقەت هەڵدەوەشێنێتەوە، مادام تێکستی ئەدەبی پەنا بۆ مێتافۆر و تێتۆریک دەبات، کە ئەو دووانە وا دەکەن وشە هەمان ئەو مانایەی نەبێت، وا تاکەکانی کۆمەڵگە لە کاتێکی دیاریکراودا لەسەری نۆک کەوتوون، بەکوو ئیمبیگویتی (التباس، غموض) دروست دەکەن و ئەوە دەسەپێنن بە شێوەی جۆراوجۆر لێک بدرێنەوە. (پاڵ دیمان) ئەم پرۆبلەماتیکە لە ڕووی سیمۆلۆجیاوە ڕاڤە دەکات، واتە پرۆبلەماتیکی نێوان نێزمان و تێوانبژی (گرامۆر و تێتۆریک)، کە نێزمان ڕێگەمان دەدات پرسیارەکان بخەینە ڕوو، بەڵام تێوانبژی وا دەکات بوونی ئەو پرسیارانە ببێتە کێشە. بۆیدا هەر ڕستەیەک لانی کەم دوو مانای هەن، مانای لێتراڵ و مانای مێتافۆر، (واتە مانای حەرفی و مانای مەجازی)، ئەوا بونیادی نێزمانییانەی تێکست بۆ بونیادی تێوانبژی دەگۆڕێت و ئەودەم دەستنیشانکردنی ئەوەی کام لەو دوو مانایە زاڵە، دەبێتە مەحاڵ.(8) بەم شێوەیە سنووری نێوان (ناسیۆنالیستگەرایی) و (ناسیۆنالیستگەرایی)ش وەک سنووری نێوان هەموو دیوالیزمەکانی دیکە دەسڕێتەوە.

دەگەینە ئەوەی بڵێین مادام ئەدەب زمانێکی دیکەی جیاوازتر لە هیی واقیع دادەهێنێت، ئەوە لە ڕێگەی ئەو جیاوازییەوە بەشێکی زۆری ئەو ڕووبەرە دەر دەخات، کە پێشتر ناسیۆنالیستگەرایی و چەمکەکانی دیکەی حەقیقەت شاردبوویانەوە. بەکورتی ئەدەبی داهێنەر لەو ساتەوە دێتە کایەوە، کە بە شێوازی خۆی لە دژی (ناسیۆنالیستگەرایی)دا دەجەنگێت و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دەدات. ئەوەیش سەیر نییە، کە نووسەری میللی هێندە بە (ناسیۆنالیستگەرایی) سەرسامە و بەرگریی لێ دەکات، چونکە خاوەنی هەمان ئەو تێگەیشتنەیەێ، کە لای خەڵکی ئاساییدا هەیە، مادام ئەو نووسەرە لە سەرچاوە فەلسەفی و فکرییەکانەوە دوورە و بە پلەی سەرەکی پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت، کە ڕۆژانە لە دەمی ئەو خەڵکەوە وەری گرتوون. (ناسیۆنالیستگەرایی) خەسڵەتی سەرەکیی ئەدەبی سەرەتاییە، ئەو ئەدەبەی گەشەی نەکردووە و شتێکی ئەوتۆی لە ئەدەبی زارەکی تێ نەپەڕاندووەێ. بەوەدا ئەدەب بەگشتی و ئەدەبی گۆرانەوە بەتایبەتی (ناسیۆنالیستگەرایی) تێک دەشکێنێت و ئەو ڕووبەرە دەکاتەوە، کە پێشتر بە ناوی حەقیقەتەوە داگیر کرابوو، ئەوا زمان بە هەموو ئەو کارەکتەرانە دەبەخشێت، کە حەقیقەت لێ سەندبوونەوە. بەم شێوەیە

سەنترالیزم نامەنت و فرەدەنگی دەتە کایەوە، بگرە ئەو دەنگە جیاوازانە وەک هێزی جڕاوجڕی دژ بە تاکەحەقیقەت دەر دەکەون، کە (باختین) ئەو چەمکەی داهێناوە و بنەماکانی داشتووە.
گرنگیی ئەدەبیی بیرەوەری، یاخود بایگرافیا، تێ بگاتە ئاوتەبایگرافیا هەر لەم شوێنەدا دەردەکەوێت، کە نووسەر ڕێگە بە دەرکەوتنی دەنگە فەرامۆشکراوەکان دەدات، ئەوانەی پێشتر حەقیقەت لە بەردەمی دەرکەوتنیاندا بەربەست بوو. (باختین) بەردەوام لە لێکۆڵینەوەکانیدا ئەو جۆرە ئەدەبە وەک داهێنانی گەورە و کاریگەر دەناسێنێت. ئەوانەی لە ئەدەبی گۆڕانەوە تێدەگەن و ئەزموونیان لەو بارەیەوە هەیە، بە چاکی نرخی ئەو تێزانەی (باختین) دەزانن، کە لە چەمکگەلی وەک (کەرنەڤاڵ)، (پۆلیفۆنی)، (ئێنتەرتێکستوال)، (سپەیس) و هیی تردا بەرجەستە بوونە. {ئەگەرچی چەمکی ئێنتەرتێکستوالیتی یەکەمجار لای (جۆلیا کریستیڤا)دا بە کار هاتووە، بەڵام (باختین) بەتایبەتی لە (شیعرییەتی دیستۆیفسکی)دا چوارچێوە تیۆرییەکەی داشتووە}. سەیر نییە هاوکاتی دەرکەوتنی فیلۆسۆفانی پۆستمۆدێرنیزم لە (نیتشە)وە بۆ (هایدگەر) و لەوێوە بۆ (دەلەز)، (فۆکۆ)، (دێریدا) و ئەوانەی دیکە، ئەدەبی گۆڕانەوە لە شیعر زیاتر بایەخ پەیدا دەکات و ئەدەبی بایگرافیایش، کە بەشێکی دانەبڕاوی ئەدەبی گۆڕانەوەیە، دەبێتە کەناڵێکی گرنگی دەربڕین بۆ دەنگە فەرامۆشکراوەکان، بەوەی ئەدەبی گۆڕانەوە توانایەکی یەکجار گەورەی لە تێکشکاندنی سەنترالیزمدا هەیە، کە لەسەر پایەی حەقیقەت و ڕاستگۆییدا وەستاوە، مادام لە بەرهەمهێنانی فرەدەنگیدا دەستی کراوەیە. با جارێ ئەو چەند وشەیە بەس بن لەبارەی چەمکی (ڕاستگۆیی)ـەوە، کاک کەریمی خۆشەویست، بەڵام کاتێ پێویستی کرد، بۆی دەگەڕمەوە. پێشتریش بە شێوەیەک لە شێوەکان لێوەی دواوم. هێندە دەپرسم تێ بچی پێت وایە (ڕاستگۆیی) لە ئەدەبدا گرنگە؟ دەتوانی نموونەی داهێنەرێکم بۆ بهێنیتەوە بەتایبەتی لەم سەدە ساڵەی ڕابوردوودا بە (ڕاستگۆیی) سەرسام بووبێت، بگرە لە دژی نەوەستابێتەوە؟ هەر بۆ نموونە (ساموێڵ بێکیت)ت لە بیر چوو؟ لە بیرتە ئەو نووسەرە چۆن لە دژی ڕاستگۆییدا دەجەنگا؟

ئەگەر داوام لێ بکەیت، ئامادەم درێژە بەو پرسیارانە بدەم. مەبەستم ئەوەیە دەتوانم لەبارەی باقیی گوتارەکەتەوە پرسیارت ووبەووو بکەمەوە.
دەمتوانی پرسیارەکانت لە (دەنگەکان)دا ئاماژەستە بکەم، بەڵام وام بە چاکتر زانی بە نامەی داخراو بۆتیان بنێرم، چونکە هەموو هاوڕێ نزیکەکانم دەزانن هەمیشە هەوڵم داوە یەکێک نەبم لەو نووسەرانەی

خوێنەر بە شتێکەوە خەریک دەکەن، کە هیچ پرسیارێکی نوێی لا ناوروژێنێت، بگرە کاتی بە فیڕۆ دەدات و بە لاڕێدا دەبات. مەبەستم ئەوەیە کاتێ بۆاو بکرێتەوە، کە لە ئەنجامی دایەڕگەوە چووەتە ئاستێکی باڵاترەوە. بەم شێوەیە ئەم دایەڕگەیش لە نێوان تۆ و منداً دەست پێ دەکات. تاکوو ئەو کاتەی بزانم تێیدا ووبەووی پرسیاری نوێ دەبمەوە و بەر شتی کاریگەر دەکەوم، بە خۆشحاڵی و ئارامییەوە درێژەی پێ دەدەم. خۆیشت دواتر باشتر دەدەیت، کە ئەو گفتوگۆیە بە نامەی داخراو بکەین، یان بە ئاشکرا، ئینجا چ لە (دەنگەکان)دا بێت، چ لە کەناڵێکی تردا.
بەوەیش ئازیم ئەگەر لە شێوەی نامەی داخراودا بکرێت، تۆ لە لای خۆت و منیش لە لای خۆمەوە هەندێک نووسەر و ڕۆشنبیری دیکە بۆ ئەو گفتوگۆیە بانگهێشت بکەین، کە ئامانجم لەوەدا تەنیا بەرهەمهێنانی پرسیاری نوێیە. هیوادارم لای تۆیش هەر بەم شێوەیە بکەوێتەوە. تۆ چ ڕۆگەیەکت بۆ گفتوگۆ پێ باشە؟ ئەوەیان بۆ خۆت جێ دەهێڵم، چونکە لای من خودی گفتوگۆکە ئامانجە.
ئەوەیش گرنگە بگوترێت، کە پرسیارەکانم پرسیاری دادگا نین. واتە کاتێ دەپرسم: بۆچی وات نەکردووە، ئەوە لەبەر ئەوە نییە دەمویست وات بکردایە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە زیاتر خۆت لە ئاستی منی خوێنەردا بکەیتەوە. کاتێکیش دەپرسم: ئایا دەتوانیت وا بکەیت، ئەمە مانای ئەوە نییە، کە پێم وایە لە توانات بە دەرە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە بۆ ئەوەیە ئەو توانایەی هەتە، لە ڕۆگەی ئەو پرسیارەوە، بجووڵێت. ئایا هیچ شتێکی دیکە هێندەی پرسیار توانای جووڵاندنی چ جەستە، چ فکر و چ خەیاڵی هەیە؟
کاک کەریمی خۆشەویست!
دوای ئەوەی پرسیارەکانم ئاڕاستە کردیت، ڕێ بە خۆم دەدەم جارێک وەک خوێنەر و جارێک وەک هاوڕێیەک پێشنیازێکت بخەمە بەرچاو، کە ئەویش هەر لە شێوەی پرسیاردایە:
دەکرێت جارێکی دیکە بەم گوتارەتدا بچیتەوە و دایبڕێژیتەوە؟

پێنج پرسیاری دیکە:

یەکەم: ئایا ئەگەر ئەو بابەتەت دابڕێژیتەوە، فریای ڕزگارکردنی هەر جوانییەکت ناکەویت، کە لە ڕابوردوودا بە دەستت هێناوە؟
دووەم: ئەگەر خۆت وەک خوێنەرێک ئەم گوتارەت بخوێنیتەوە و جوانترین پەرەگرافی تێدا هەبژێریت، دەست دەخەیتە سەر کامیان؟
سێیەم: پێت وایە ئەگەر نووسەرێکی داهێنەر بیەوێت لەبارەی هەر یەک لە چەمکەکانی ڕۆمان، یاداشت و یادەوەرییەوە باسێک بنووسێت، ئەو

گوتارەی تۆی بۆ ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ؟
چوارەم: ئایا ئەم گوتارە هیچ شتێک دەخاتە سەر ئەوەی، کە پێشتر بە دەستت هێناوە؟ بە مانایەکی دیکە: تۆ پێویستت بەم بابەتە هەیە، بۆیە نووسیوتە و بڵاوت کردووەتەوە؟
پێنجەم: ئەگەر ئەم گوتارەت پێش بڵاوکردنەوە پێشانی یەکێ لەو نووسەرە لاوانەی دەوروبەرت بدابووایە، یان ئەگەر بۆ یەکێ لەو مرۆڤە هۆشیارانەت بنارداید، کە نانووسن، بەڵام لە زۆر نووسەری ناسراوی خۆمان زیاتر دەخوێنەوە و قووڵتر لە دنیا دەڕوانن؛ کەمەڵێ سەرنجی وردی لەبارەیەوە بۆ نەدەنووسیت؟ ئایا ئەو سەرنجانە وایان لێ نەدەکردیت بە سەرتاپێدا بچیتەوە، بگرە بگاتە ئەوەی هەر دەست لە بڵاوکردنەوەیشی هەڵبگریت؟
ماوەتەوە بڵێم ئەم پرسیارانەم تەنیا پێوەندییان بەم گوتارەی تۆوە هەیە، دەنا نە دوور و نە نزیک بە لای بەرهەمەکانی دیکەتدا دەچن. هەر تێکستێک پرسیاری جیاوازی خۆی دەسەپێنێت. پێویستە ئەوەیش بزانیت، کە ئەو پرسیارانە بەو ئەندازەیەی ئاماستەی تۆن، ئاماستەی خۆیشمن، مادام لە ئەنجامی بیرکردنەوەی خۆمەوە سەریان هەڵداوە. دەبێت هەرچۆنێکە سوپاست بکەم، کە ئەو گوتارەی تۆ هێندەی دی لە نووسین و بڵاوکردنەوە ترساندمی. پێویستە من لەمەودوا زیاتر ئاگام لە خۆم بێت چی بە خوێنەر دەڵێم. هیوادارم بەو ئەندازەیە پرسیارەکانی منیش ترسیان لای تۆ خوڵقاندبێت. باوەڕ دەکەم وەک زۆر نووسەری دیکە گوتبێتت پێم خۆشە خوێنەر بە پرسیار ڕووبەڕووم ببێتەوە. فەرموو، ئەوە خوێنەرێک و کەمەڵێک پرسیار!(9)
ڕێز و خۆشەویستیی زیاتر بۆ تۆی ئازیز، کاک کەریم گیان!

کاروان کاکەسوور

---

(1) بۆم دەرکەوتووە گوتارەکە پێشتر لە یەکێ لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (هیچ)یشدا بڵاو کراوەتەوە.

(2) بۆ نموونە یەکێ لە ڕەخنەگرە میللییەکان، کە بەوە ناسراوە بەردەوام گوتار لە دوای گوتار دەنووسێت، بە پێوەری (چاکەوخراپە) بۆیار لەسەر تێکست دەدات و هەر بە زمانی ڕۆژانە لێیانەوە دەدوێت، ماوەیەک هەر بابەتێکی بڵاو بکردایەتەوە، بە پرسیار ڕووبەڕووی دەبوومەوە. سەرەتا وەڵامی هەندێک لە پرسیارەکانمی دەدایەوە، بە مەبەستی گفتوگۆ نا، بەڵکوو بۆ ئەوەی بەرگری لە هەندێک شت بکات، بەڵام دواجار تەواو دەنگی بڕا. ئەم ئەزموونەیش بۆ من گرنگە و ڕۆژگارێک بۆی دەگەڕێمەوە.

(3) خوێنەر دەتوانێت گوتارەکە لە (دەنگەکان)، یان لە (ماڵێک لە ئاسمان)دا بخوێنێتەوە.

(4) خوێنەر دەتوانێت نامیلکەکە لە یەکێ لەو دوو ماڵپەڕەی پێشوودا بخوێنیتەوە.

(5) بە بڕوای (پۆل ریکۆر) تێکست نووسینەوەی قسە (speech) نییە، بەڵکوو نووسینەوەی مانا و مەبەستی قسەیە. ئەگەر خودی قسە، یان گوتە نەنووسرێتەوە، ئایا یادەوەری دەنووسرێتەوە؟ لەم ڕوانگەیەوە ڕێ بە خۆم دەدەم بڵێم فیکە نانووسرێتەوە، بەڵام مانا و مەبەستی فیکە دەنووسرێتەوە. بۆ نموونە: (کوڕەکە فیکەیەکی بۆ هاوڕێکەی لێ دا، تاکوو بە ئاگای بهێنێتەوە و پێی بڵێت سەیرم بکە!). من لانی کەم بە هۆی خوێندنەوەی هەندێک لە بەرهەمەکانی (ریکۆر)ـەوە تێدەگەنم لەبارەی تێکستەوە لا دروست بووە. هیوادارم (کەریم کاکە)یش بمخاتە بەردەم تێدەگەنێکی دیکەی جیاوازەوە و پێم بڵێت تێکست لای ئەو چۆنە. خوێنەر دەتوانێت لەم ڕووەوە ئەم گوتارە بخوێنێتەوە: Ricouer: “What is text?” and “Metaphor and the problem of Interpretation”)، کە ئەمە لینکەکەیەتی:

[Ricouer: “What is text?” and “Metaphor and the problem of Interpretation”]

(6) سەرنجم داوە هەموو ئەوانەی بە زمانی ئینگلیزی باس لە چەمکە فکری و ئەدەبییەکان دەکەن، وا لە خوێنەر دەگەیەنن، کە ئینگلیزێک زیاتر لە بارەیانەوە دەنووسن، بۆ ئەوەی وا بکەن، بەڵام خۆزگە (کەریم کاکە) لەوان نەچێت و بۆ یەکەمجار ئەو بەڵێنە ببات سەر! واتە لانی کەم پێمان بڵێت ئەو یادەوەرییانە لە دەرەوەی کوردستان چۆنن! من خۆم لە ئێستاوە چاوەڕێی ئەو بابەتەیم. (دیارە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت باوەڕم وایە یادەوەری دەنووسرێتەوە و دەکرێتە دەق، وەک ئەم وای گوتووە و پۆل ریکۆریش پێچەوانەکەی. پێم وایە هەر کاتێ فیکە نووسرایەوە بەو شێوەیەی ئەم دەیڵێت، ئەودەم نرەی یادەوەرییش دێت. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر نموونەی بۆ هێنامەوە وەک گوتوویەتی دەبێت کارێکی وا بکرێت، بە بایەخەوە دەیخوێنمەوە).

(7) خاڵی هاوبەشی هەموو ئەوانەی بە زمانی ئینگلیزانە دەنووسن، باسکردنی تەکنیک (Technique)ـە، بۆ ئەوەی بۆ جارێکیش بڵێن مەبەستیان لەو چەمکە چییە، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە ئەو گوتەیەیان

وەک فۆلکلۆر لە زاری ئەم و ئەوەوە وەر گرتووە و کۆنتێکستەکانی ناناسن. ئایا ئەگەر بزانن ئەو تێرمە لەناو فەلسەفەدا خاوەنی چ پرۆبلەماتیکێکی گەورەیە، هێندە بە ئاسانی لێوەی دەدوێن؟ هیوادارم (کەریم کاکە) لەوانە نەبێت و ڕۆژگارێک لانی کەم لەم ڕووەوە گوتارێکمان بۆ بنووسێت. خۆ ئەگەر پێشتر نووسیویەتی، ئەوا کاتێ بۆمی دەنێرێت، سوپاسی دەکەم و بە بایەخەوە دەیخوێنمەوە. لە ئێستاوە چاوەڕێی ئەو گوتارەیم. ڕاستییەکەیشی، کە لەو شوێنەدا نووسیویەتی: (ئەوەی ڕەمان و یادەوەری لێکنزیك دەکاتەوە هەندێ ڕەگەز و تەکنیکن)، مانای وایە تەنانەت ڕوانینێکی دروستی نە بۆ (ڕەگەز) و نە بۆ (تەکنیک)یش هەیە، چونکە ئەو وای پێشان داوە (ڕەگەز) لە لایەک و (تەکنیک) لە لایەکی ترەوە ڕەمان و یادەوەری لە یەک نزیک دەکەنەوە. گوتمان یادەوەری نە لە ڕەمان دوور دەکەوێتەوە و نە نزیکیش، کە ئەمە گوتەیەکی بێبنەمایە و لە دەمی دەرچووە، بەڵام ئایا تەکنیک خۆی ڕەگەز نییە؟ دیارە چەمکی ڕەگەز (Element)یش وەک هیی تەکنیک لەناو زماندا خاوەنی پرۆبلەماتیکی گەورەیە و کۆمەڵێک مانای زۆر جیاوازی هەن، کە بەپێی کۆنتێکستەکان ئەو مانایانە دەگرێن. باوەڕ ناکەم (کەریم کاکە) بتوانێت دوو لیست دروست بکات، یەکێ بۆ ڕەگەزەکان و ئەوەی تریان بۆ تەکنیکەکان، گوایە ئەوانە ڕەمان و یادەوەری لە یەک نزیک دەکەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر وای کرد، بە بایەخەوە لێی دەڕوانم. کاتێکیش دەڕەم ناتوانێت، مەبەستم نییە لە توانای کەم بکەمەوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە دەزانم تەکنیک خۆی ڕەگەزە… بەڵام ڕەگەزی چییە؟ ئەوە بەپێی کۆنتێکستەکەی دەیزانین. بەکورتی شتەکە بەم شێوەیەیە: لە لایەک بە هەڵە گوتوویەتی هەندێک ڕەگەز و تەکنیک ڕەمان و یادەوەری لە یەک نزیک دەکەنەوە، لە لایەکی تریشەوە بە دروستی وشەکانی ڕەگەز و تەکنکی بە کار نەهێناوە. من، کە بەردەوام گوتوومە ڕەخنەی میللی توانای دروستکردنی هیچ ئاڕاستەیەکی نییە لەناو فکر و تێواینداا، لەگەڵ ئەم جارە نموونەیەمە. ئەوەتا ئەو چەمکانەی دنیای ئەدەب و فکر، کە فیلەسۆف و ڕەخنەسازە گەورەکانیان بە خۆیانەوە سەرقاڵ کردووە، کەچی لێرەدا سووکوئاسان دەهێنرێنە ئاستی میللییەوە و بە زمانی ڕۆژانە قسەیان لێوە دەکرێت.

John Phillips, Paul de Man’s ’’Semiology and Rhetoric: (8)
https://courses.nus.edu.sg/course/elljwp/deMan.htm

(9) لەبەر ئەوەی بابەتەکە نامەیە و ئاڕاستەی کەسێکی ڕاستەقینەیە، نەوەک گریمانی، بۆیە نەمویستووە لەو چوارچێوەیە

دەربچم. واتە هەچاوی مێتۆدی نامەم کردووە. لەبەر ئەوەیشە وشەی (کاک)م خستووەتە بەردەمی ناوەکەی، لە کاتێکدا ئەمە شتێکی پێویست نییە لە نووسیندا.

سەربوردەی موزیك لەگەڵ شانۆدا … حەیدەر عەبدولڕەحمان

موزیك کە هەمیشە پێکهاتەیەکی گرنگی شانۆ بووە،لە رابووردوو لە ئێستاشدا گرنگی خۆی هەبووە لای شانۆکاران،سەربوردەی موزیك لەگەڵ شانۆشدا سەربوردەیەکی دێرینەو هەزاران ساڵ بەر لە ئەمڕۆ موزیك و شانۆ ئاشنا بەیەکتر بوونە،پێش ئەو ئاشنابوونەش، شانۆی (پانتۆمایم) یا شانۆی ئاماژە هەبووە،لەو ساتانەی کە هونەری گریکی کۆن تازە چەکەرەی دەکردو دیالۆگ لە شانۆدا بوونی نەبوو،لەجیاتی ئەو بزووتنەوە وەهمای جەستەیی شۆنی دیالۆگیان دەگرتەوە،لە رووی لاسایی کردنەوەی کەسایەتییەکان،یالاسایی کردنەوەی سروشت،بەشێوەیەکی کۆمەدی گاڵتەئامێز بۆ ختووکەدان و بەپێکەنین هێنانی بینەر،دوای ئەو قۆناغە بە ماوەیەك ئەوجا شانۆگەریی بەدەنگ سەری هەڵدا،بەهەردوو جۆری کۆمیدی و تراژیدییەوە،لەو جێرە شانۆگەرییانەش بەپێویست دەزانرا کە ڕەگەزێکی گۆرانی (سروود) ئاوێتەی ئەو شانۆگەرییانە بکرێ،کە بەدەنگی (کۆرس) دەوترانەوە،هەندێ جار ئەو سروودانە لەلایەن هەندێ نووسەرەوە دەنوسران،کە خۆیان ئەکتەر نەبوون، یاخود ئەکتەربوون و شارەزاییان لە کاری دراميدا هەبوو،تا ئەو کاتەش هێشتا وەك پێویست درك بەزەرووەتی موزیك نەدەکرا لە شانۆدا،تەنیا هەر پشت بە کۆرس دەبەسترا،بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی (کۆرس) لەشانۆگەرییەکانی یۆرپیدس و سۆفوکلیس و ئەرەستۆفانس ـــ ی گریکی،ئەوجا درك بەزەرووەتی موزیك کرا،لەپاڵ ئەو کۆرسانەدا موزیك خزایە ناو شانۆ،ئەو کاتە بەتەواوەتی هەست بەوە کرا کە بۆی هەیە موزیك شۆنکی دیار لەکاری دراميدا پێبکاتەوە،یا ئیزافەیەکی دیکە بخاتە سەر ڕەگەزەکانی دیکەی شانۆ و ببێتە فاکتەرێکی دیکەی سەرەکی بۆ لێك نزیکبوونەوەی بینەر بەشانۆ و ڕەخساندنی دینامیکیەتی سەرنجڕاکێشانی بینەر بەچاوو بەگوێ و هەموو هەستەکانی

دیکه،لەوانەش هەستە ڕەحییەکان کە کاریگەریی خۆیان لەسەر وێژدان و هەست و دەروونی بینەردا بەجێ دەهێلن،شاعیرە گریکەکان کەسانی نابەڵەد نەبوون بەموزیك،لەو کاتەدا کە فەیلەسوف و نووسەر بوون لەهەمان کاتدا هۆشیارییەکی تێرو تەسەلیان لە موزیکیشدا هەبوو،هەندێك لەوان خۆیان ئاوازو موزیکییان بۆ بەرهەمەکانی خۆیان دادەنا،ئەو تێك هەڵکشانەی نێوان شانۆ و موزیك تا سەردەمی سەرهەڵدانی (ئۆپێرا) و بووژانەوەی ئیتاڵیا بەردەوام بوو، ئەوکاتە پێوەندیی موزیك و شانۆ کەوتە قۆناغێکی دیکەی هونەریی و زانستی و بناغەیەکی پتەوتر بۆ شانۆ و موزیك داڕێژرا،بە چەشنێك کە جارێك لە جودایی هەبێت لەگەڵ قۆناغە رەمەکیی و میللییەکانی رابردووی موزیك لەشانۆدا، ئەوەبوو ئۆپێرا- شانۆی گۆرانی کە جۆری سیستەمی ئەو شانۆگەرییانە بوونە لەدوای پانتۆمایم و سروود و کۆرس لە چاخەکانی ناوەڕاستدا سەریان هەڵدا یەوە،یەکەم ئۆپێراش ساڵی (1597) لەشاری فلورەنسای ئیتاڵی دا پێشکەش کرا،پاشان هەر ئەو ئۆپێرایەپەرەی سەندو چەندین شاکاری گەورەی جیهانیی ئۆپێرایی لێکەوتەوە،لەوانەش (زیخگرید) (تانهاوزر) (بارسیگال) جگە لەو شاکارانە چەندین ئۆپێرای دیکە لەو بوارەدا ناوبانگیان دەرکرد لەوانەش (سەرتاشی ئەشبیلیەی ڕاسینی) (خوازبێنی فیگارۆ) و (شمشاڵی ئەفسوناویی مۆزارت) و فیدیلیوی هەتیوی بتهۆڤن و جیناف ـ شۆپان و زۆر ئۆپێرای دیکەش کەلە جوغزی کاری نمایشی دەردەچوون،بەڵام هونەری چوارەمی شانۆ (باڵێ) ی شانۆی سەمایی بوو، بۆیە ئەو شانۆگەرییانەی کەپشت بەسەما دەبەستن لە دیاڵۆگ دوور دەکەونەوە،تێیدا موزیك دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ بزووتنەوەی سەماکارەکان،ئەم جۆرە شانۆگەرییانە سەرەتا لە ڕووسیای قەیسەری دا سەریان هەڵداوە،پاشان گوازرانەوە ئەمریکا و هەندێك وڵاتی ئەوروپی،لەوانەش باڵییەکانی چایکۆفسکی وەك بوندوق شکێن و دەریاچە، هەروەها لومسکی کۆرساکۆف ـ شەهرەزادو لایکۆرسترافنسکی بتروشکا و شۆستا کۆفتیش سووڕە ڕەش،دواتر جۆری پێنجەمی ئەو شانۆگەرییانە شانۆگەریی نواندن بوو کە هەر لەگەڵ چەکەرە کردنی نووسینی شانۆیدا هاتە کایەوە و تا ئەمڕۆ کەشی لەگەڵدا بێت درێژەی هەیەو شوێنی ئۆپێراو باڵێی گرتەوە .

ڕەخنەگرەکان بەتێکڕایی وای بۆ دەچن کە کارێکی ئاستەم بۆ شانۆگەرییە گریکییە کۆنەکان وەك تراژیدییە مەرگەساتەکانی یۆرپیدس و کۆمیدیاکانی ئەرەستۆفانس بەبێ موزیك دەسەڵاتی ئەوەیان هەبووبێت نرخ و بەهایەکی هونەری تێروتەسەلی شانۆیی بەبینەر ببەخشن ،بۆیە ئەگەر موزیك ئەوکاتە و لەوسەردەمە وەك سەرەتایەکی سەرهەڵدانی

